Dr.Saleh Ebrahimi



وئەوانەش‌وا لەلای خۆرهەلأتی یەوەبون ئەویٚ یان بە (مەغریب = خۆرآوا = رۆژآوا) ناو بردبیٚ. هەرجۆر بوبیٚ نە (باختەر) لەواژەنامەدا بەواتای (غەرب = خۆرآوا) هاتوەونەسەرزەوینێکیش بەناو: (باختەران) (باختەریان)، (باکتەریان)، (بەلخ)، (بخذی) و (باختەر) لە خۆرآوای ئێراندا هەبوە. لانی کەم تائەم سەردەمەی وائێمەی تێدائەژین هیچ کەسێك لەمێژوزانان و جوغرافیادانانەکان آگایان لە نێویکی وا نەبوە بۆبی، نەیان هێناوەتەسەر کاغەزو قسەیان لیٚ نەکردوە (٣) لەسەرانسەری مەڵبەندی (کرماشان)دا بەوهەموەحەشیمە تەوەکەزیاتر لەیەك میلوین و نیو خەڵکی ئەوناوەناوە. بێژەی (کرماشاه) نەبیسراوە، ئەم هەڵەیەلە سوێنگەی قەڵەم بەدەسانی کاربەدەسی حوکومەتی لەهەندەرانەوە ئەم ناوە: (کرمانشاه) یان لە نوسینەکانی خۆیانداولە دەفتەری رەسمی‌دا بەسەر (کرماشان) دابڕیوە، ئەم جورەهەڵە یانەلە ناوقە باڵەوکۆلکەی کۆنەدەفتەرا ندازۆرە.

هیوا دارین تا بلأو کردنەوەی لێکۆڵینەیەکی وردتر لەباتی ناوی (کرماشان) برایانی ئیماندا روخۆبە بەرپرسیا رزان کەحەزلە بێژەی (شا)[1] ناکەن، بێژەی دەسکردودا تا شراوی (کرمانشاه) یا ناوی نامۆترنەخەنەسەرزاران‌و بکۆشن بێژەی رەسەنی (کرماشان): شاری کرماجان - کرماشان، وەك لەناو خەڵکداباوە وبەدرێژانی مێژوهەروابەسەر زاراندا ماوەونەفەوتاوە، نەی فەوتێنن، لەباتی ئەم واژە رەسەنە واژەی نارەسەن مەچەقێنن.

لە شیعرو هەڵبەستی کۆنی کرماشانی وئەوناوەناوە،شارو ئەیالەتی کرماشان لەهەموشوێنکدا بەبێژەی (کرماشان)و کرماشانی بەکاربراوەوتەنانەت بۆوێنە جارێکیش بێژەی فارسی بەقەڵەم نوسراوی (کرمانشاه) و (کرمانشاهی) بەکارنەبراوەوبەزارو زمانی کوردە کرماشانی‌یەکدا نەها تووەورانە براوە.

---

١ - دیارە هەمو دەزانین واژەی شا لە شاسیم، شارییٚ، شاچرا، بەواتای گەورەیە و واتای نەحسی نییە و لە تەك شازاڵمەکان جیایە (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



بڕوانە ئەم شیعرا نەکەلە ساڵی ١٣٢٩ی کۆچی هەتاوی [١]بۆوێنە:

ڕێکــی کرمـاشان گـوڵ وگـوڵدەستە     بــویشنە دوســە کـەم غـەریبی بـەسە
هــــەرکەس بـــپرسی نۆونیشـــانم     مـن بـەد بـەختە کـەی نـۆ کرمـاشانم
حەبیفوە کرمــاشان چـــاڵە زەمـــینە     بـێستون خـــاسە جــێگەی شـــیرینە
کرمــاشان مــەچیم بـێستون رامــە     قەتڵگـــای فەرهـــاد شـــۆ مەنزڵگـامە
کرمـــاشانیکم، وەدیــــل گیریـــامە     وە حـــوکم دۆســـم زنـــجیر کریـامە
خـوٚم کرمـاشانی دۆسـم قـەسری یـە     خـــاتر خـــوای بـیمە، تـەقسیرم نـییە
خـــوٚم کرمـاشانی زوانـە کـەم چـەفتە     داوای ئـەو مـەکـەم قـیسمەتم نـەفتە

(٣) ئەوە کە پەرەدراوە بەواتای (شیمال)و واتای (رەخی چەپ) یشی گرتۆتەوە کەجار جارەواتای:

(مەغریب = خـۆرآوا) یشـی خسـتۆتە بیرومێشکەوەلەزمـان و شـیعری عـەرەبیشدا هەیەوئەمەش لێرەوە سەرچاوەی گرتوە کە ماڵە خودا: (کابە) ڕو لە خۆر هەڵاتە، لەسەرەتاوە لای دەسەچەپی کە سێک کە ڕو لە خۆرهەڵات بوە (شیمال = باکور) یان پێ وتوە کەتەرەف و ڕەخی ئەستێرەی قوتتبی یاجەدی: (ئەستێرەی پەسینی بەنات نەعش صُغْری: دُبّ اصغر) چکوڵە و تائەندازە یەک بەقوتبی شیمال = باگورەوەلکاوە): و بای شیمالیش بە (بایەک) و تراوە لە نێوان جێگای خۆر هەڵات وو هەفتورە نگ‌ی چکوڵە: (بنـات نـەعش صـغری یـا دبّ اصـغر) و هەروەهاش کە پێشینان فەرمویانە: جێگا هاتنی ئەوبایەلەدەم خۆر هەڵاتەوەبوە تا مـەسقەتی نەسرتائیر). کەچی کاتێ قسەلە (چار رەخ = جِهات اربعە) ئەکرێ نەلەزوانیی عەرەبی نەلەزمان کوردی و نەلەزمانی فارسیدا (مەغریب = خۆرآوا)ی هیچ گوندو شاروولاٚت و قارەک دابە شمالی ئەوانە ناوترێ ونەشوتراوە. دیارەلەهیچ زاراوەیـەکـیشدا لەبـاتی دنیـای خـۆرآوا = مەغریب زەمین،دنیای شیمال = باکور) بەکارنەبراوەوئێستایش کەس بەکاری نابا.

---

١ - (ر.ک. گۆرانی یاتەرانەهای کوردی نوسراوو گردوکۆی دوکتور محەمەد موکری، تاران، کتێبخانەی دانیش، تیر = پوش پەڕ (پەران)ی ١٣٢٩ی کۆچی هەتاوی.

Dr.Saleh Ebrahimi



بەم جۆرەزانرا کە (باختەر = شیمال = باکور) نابیّ بۆ ئەولایە، کەلەبابەت (جهات ئەربەعە = چار رەخ ) «مەغریب = خۆرآوا = رۆژآوا یا باکورو باشور) دیاری ئەکا بەکار ببریّ. لەمەوەبەجوانی دەرکەوت کەبەکار هیّنانی زاراوەی وەکو: (دنیای باختەرو تەمەدون‌و فەرهەنگ باختەرو باختەرناس، (لەراست ـ خاوەرناس) و شتانی تری وادا دروست نیە و لەسەرزار ناحۆشەو نارەسەن وداتاشراوە




---

۱ ـ بروانە لیّکۆلینەوە: سەرەتای فەرهەنگی نامهای پرندەگان چاپی ۱۳٦۱ی هاوی لە بابەت (کرماشان) ەوە نوسراوی موحەقیقی ناوداری کورد دوکتور محەمەد کەیوان موکری (شە پۆل).



بەناوی خوای بەخشەرودلاواودلۆڤان

# هۆنەری زانای ناودار مەلامستەفا بێسارانی ۱۰۵۲ - ۱۱۱۳ی مانگی

ئەو یاوەران و یارانەی زمان و دەس و قەڵەم لەبارانەی تۆزو گەردیان لە بەژنو باڵاو رۆی مێژوی شێعری پێشویان تەکاندوە و پارچەی ئاورێشم و خارا و ئاڵ و واڵای زەردو زانایانە، خاڵ و میلیان رشتووە و سورمەیان لە چاوی کێشاوەو داوی پڕکەزی و پۆڕی ئاڵۆزاویان دانەدانە، بە دەم شانەدا هێناوەو لە پرچی ئاورێشمی و لولی، چەند پەڵکەیان هۆندۆتەوە، لەمەڕ شیعری زاراوە کوردی، کەلە بەرشانازی بە بێسارانی‌یان ناوبردوە وایان بۆگێراوینە تەوە:

شاعیرو زانای ناودار مەولانا مەلامەستەفا بێسارانی لەبەر ئەوەی زۆر هۆگرو ئەویندارى ئاوایی بێسارانی، جێگای لە دایک بونی خۆی بووە، بێسارانی کردۆتە نازناوبۆشیعروتنی خۆی و ئەمەیش لەفەرمودەی رەسولی‌خوا سە رچاوەی گرتووە کە فەرمویەتی :«حب‌الوطن من‌الایمان» نیشتمان ویستی نیشانەی بڕواوئیمانە.

هۆنەری زانای ناودار بێسارانی شیعرەکانی زیاتر بە زاراوەی کوردی گۆرانی واتە (هەورامانی) یەو زۆر بەیشیان غە زل و غە رامین، بە لام لە سۆنگەی دڵو دەرون پاکی و چاکی‌و صەفای باتنەوە لە عەشق و ئەوینی مەجازی یەوە، دەگاتە عەشقی پاکی حەقیقی و خودایی بۆۆینە کە فەرمویەتی:

ئێمەیچ پەروانەی شەم‌شناسانیم پەرو باڵ‌سوفتەی دین خاصانیم
میللەت پاک‌دین، پێغەمبە رانیم نەک جە تایفەی کەم نەزەرانیم
بنمانە جەمین، نور پاکتەن ئەرتۆ پاکەنی، جەکێ باکتەن

واتا:ئێمەیش لەو جۆرە پەپولە شەم وموٚم ناسانەین،پەپولەگەلێ کە ئەویندارى شەمن،وە ئەوەندە بەدەوریدا خول ئەخۆن تا خۆیان دەکەنە قوربانی. ئێمە لەو ئەویندارانە نین، کە بیرکورتن و بە دوی هەواو هەوەسد ان ئێمە دڵ ودەرون براوانی بەراستین. ئەوینی ئێمە

دین‌و ئایینی پاك و بێخەوشی پێغەمبەرانەکە لەبان هەمویانەوە دینی پێغەمبەری ئیسلامە (د - خ) کە ئایینی خواناسی‌و عەشق و ئەوینی حەق پەرستانە، ئەی ئەویندار! روی واقیعی خۆت بنۆینە کە ئەگەر عەشقی بە راستی‌و خودابیت هەبێ، نوری نێوچاوانت شایەدی ئەون، کەلەسافی و پاکی تۆقسەدەکەن، **دیارە ئەوەی پاکە لەم ولەوی چ باکە.**

لەم جۆرە شیعرانە و هۆنەی دیکەیش وێنەی ئەمانە، جوان دەردەکەوێ کەبێسارانی دارای بیروئەندێشەی وردوجوانی عیرفانی واتە (ناسەوەری) وفەلسەفەی ئیسلامیە، پاکی، داوین پاکی، راستی، دروستی بە مەرجی‌هێم و بنەرەتی تەرەقی رۆحی و پاکی دڵ‌و دەرون دادەنێ.

ئەگەر برێك ورد بروانین، باش بۆمان دەردەکەوێ کە هۆنەری عارفی رەببانی مەولانا بێسارانی چەن جوان رازی ئەم ئایەتەی (اِنَّ الّدینَ عِنْدَ اللّهِ الأسلامُ) ی‌چەن بە جوانی لەو برەشیعرەدا دەرخستووە، چونکامەبەست لە(پاك‌دین پێغمە مبەران) دینێکی‌پاکە کە دینی ئیسلامە و دینی بێخەوشی نێودینی هەموپێغمەمبەرانە، هەرچەڵدە یشگونجێ مەبەست لەواژەی پاك لە شیعرەکەدا واتای گشت وعموم بێت یانی دینی گشت پێغمەمبەران.

## مەولانا بێسارانی وتێ روانینی بۆباری کۆمەلایەتی

زانای بلیمەت بێسارانی لە پارچە شیعری (خەزانی‌زار)مەبەستی زۆردارو بێ‌زۆر و چەوسێنەرو چەوساوە، زاڵم ومەزڵومی زۆر ژیرانە و پربیرانە مەترح کردوە و باسی دەسەلاتداروبێ دەسەلاتی لە کۆروکۆمەڵدا کردوەو لێکیداوەتەوەو هاودەنگی و هاودەردی خۆی بۆ مەزڵوم و چەوساوەکان لەراست زۆرداراندا دەربریوەوکە وتۆتە بیرو ئەندێشەی لابردنی زوڵم و زۆرویژی لەسەر مەزڵومان کەبە شیعر فەرمویەتی:

ئاروۆینەی وێم دیم (خەزانی‌زار)
بەندبێ بەزامەت جەوروجەفای خار
ئەو جەدەردێ وێش بێ مەدارابێ
خار چەنگێ زامەت لێش‌و یارا بێ

بـــەزار زارەوە، هـــەرۆیش مەشـــانا
جـــەزامـــەتێ خـــار دوریش مەنمـــانا
خار شـەرمش نـەکـەرد جـەرەنگی زەردش
تـــا بـــە جەفـاو جـەور سـەد پـارە کـەردش
(راســـتەن) جـــەو هـــەرکۆ دەردە دارایێ بـۆ
زەدەی زامـــێ ســـەخت نـــێشی خـــاریێ بـۆ
ئـــەویچ چـــون جـەستەی مـن دەردەدار بـۆ
یـــابەی تـــەور زەدەی زامـــەتێ خـــار بـــۆ

واتای واژە سەختەکان وێنە: وەکو خەزانێ زار: گـەڵای زەردی پـاییزی. زامـەت: زەحمەت. بێ مەدارا: بێ تاقەت. خار: درک: چەنگ: چنگ، چنگانە. لێش و یارابێ: لیێ هەڵ پێکابو. زار: زار، بەناڵەیەکی دڵ تەزینەوە. مەشانا: رای ئەوەشاند، پەلە قاژەی دەکرد، دوریش مەنمانا: ئەی ویست دور بکەوێتەوە. پارە: لەت. کەردش: کردی. جەهەرکۆ: لە هەر شوینێ. نێش: چز، نوک. بەی تەور: بەم‌جۆرە. زامەت: زەحمەت. دەردی سەر. ئارۆ: ئەمرۆ.

## ژیانی بێسارانی:

ساڵی لە دایک بونی بێسارانی زۆر روناک نییە، هەروەک بیرورا سەبارەت بە ناوی باوکی بێسارانی جیاوازی هەیە.

زانای ناودار (علاءالّدین سجّادی) لە مێژوی ئەدەبی کوردیدا نوسیویەتی ناوی باوکی بێسارانی ئەحمەدە ولە ۱۰۵۲ی مانگی لەدایک بووە و لە ۱۱۱۳ی مانگی وەفـاتی کـردوە. نوسەری پەراوەی (پیرشالیار) دەڵێ: باوکی بێسارانی ناوی مەلا ئەحمەد بن مەلا مەحمودە ولە ۱٦٥۰ی ز، لە دایک بووەو لە ۱۷۰٦ی زاینیدا وەفاتی کردوە لە کۆواری گەلاوێژ بەزمانی کوردی چاپی بەغدا نوسراوە کە لە ۱۷٦۰ی زاینی وەفاتی کردوە.

زانای ناودار (سیّدمحمّد طاهر هاشمی) خوالێخوشبو، لە یـاد داشـتەکـانی خـۆیدا نوسیویەتی: بنە ماڵەی (قاضی جوانرۆ) کە ئێستاش «مەلاعەلی فـەخری» جـوانـرۆیی قـازی

Dr.Saleh Ebrahimi



جوانرۆیە،وە مەلا ئەحمەد فەخری لە بنە چەکەی مەلا مستەفا بێسارانین، لەو بنە ماڵە زانای ناودار: «مەلا محمد ـ ی قاضی» جوانرۆیی،کە تا ساڵی ١٢٩٠ی مانگی لەژیاندا بووە، خۆی لە بنەماڵەی «مەلامستە فابێسارانی» زانیوەو نەسب نامەی خۆیشیان بەمجۆرەی خوارەوە نوسیوە.

## نەسب نامەی بنە ماڵەی بێساران:

مەلا محمّد ـ ی قاضی» کوڕی مەلا محمود، کوڕی مەلا مەهدی، کوڕی مەلا هادی، کوڕی مەلاقاسم، کوڕی مەلا مستەفا بێسارانی، کوڕی مەلا «قطب‌الدین» عەرەب، کوڕی مەلا «شمس‌الدین»ە ـ مەلا «محمد ـ ی قاضی» کە تا ١٢٩٠ی مانگی «قاضی» جوانرۆ بووە، مەلا مستەفای بێسانی بە باپیرەی گەورەی خۆی ژماردووەو ناوی باوکی مەلا مستەفای بێسارانی بە (ملا قطب‌الدین عرب بن ملاشمس الدین» داناوە، لێرەوە ئەتوانین بڵێین: مەلا مستەفا بێسارانی تا حودودی ١٠٩٠ی مانگی ژیاوە.

نوسراوەکانی خوالێخوشبو (سیدطاهر هاشمی) سێ مە بەستمان بۆرون دەکاتەوە: ١ ـ ناوی راست و دروستی باوکی مەلا مستەفای بێسارانی بە نوسراوەی کەسێ وەک «مەلا محەمەد ـ ی قازی» کە خۆی لە بنە چەکەی ئەو بووە.

٢ ـ دەورانی ژیانی مەلا مستەفای بێسارانی.

٣ ـ نادروستی قسەی کە سانێ کەرایانگەیاندوە، کە بێسارانی منداڵی نەبووە و ژنی نەهێناوە. هەروەک دەرکەوت مەلا مستەفای بێسارانی کوڕی مەلا «قطب‌الدین» عەرەب بن مەلا «شمس الدین» و لە ئاوایی بێساران لە ئاوایەکانی ژاوەرۆ ـ ی کوردستان یانزە فرسەخی جنوبی غەربی شاری سنە لە ١٠٥٢ی مانگی و ١٦٤١ی زاینی لەدایک بووەو لە سەرەتاوە هەرلە بێساران دەسی کردوە بە خوێندن‌و لە پاشان وەکو هەمو مەلا و فەقێی نێو کوردەواری بۆ فێربونی عیلم‌و زانین بەفێرگە کانداگەراوە، لە فێرگەی گوندەکانی ئەو ناوە ناوە و لە هەورامان و لە حوجرەی فەقێیانی «پایگەلان» و «نۆدشە» زانست و زانین و عیلمی خوێندوە و سەرەنجام لەشاری سنە مەعارفی ئیسلامی سەردەمی خۆی تەواوکردووەو ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو گەراوەتەوە بۆ بێساران، خەریکی تەدریس و کشت و کاڵ و پەند دادانی

Dr.Saleh Ebrahimi


موسوڵمانانی ئەو ناوە ناوە بووەو شیعریشی و تووە.

هەندێ رایان گەیاندوە کە بێسارانی لای عەللامەی ناودار مەلاقاسم پایگەلانی دەرسی خوێندوە، بەلاّم ئەمە راست نییە چونکا حاجی مەلا قاسم لە سەتەی سیانزە هەمی کۆچیدا ژیاوە.

## زانایی بێسارانی لە عیلمی ئوصولی (فیقە) و فەلسە فەی ئیسلامیدا

مەلا مستەفای بێسارانی لە زانستی ئوصولی (فیقە) ئیسلامی و زانستی فەلسەفەوکەلامدا، زۆر شارەزا و زانا بووە. زۆر بەی مەلاکانی هاوکاتی ئەو، وەئەوانەی بەدوای ئەودا هاتون بێسارانیان بە زانایەکی بە دەسەلاّت لە زانستی ئوصولی (فیقە)و فەلسەفە و کەلا مدا، زانیوەو بە تایبەت **حەکیم مەولەوی کورد**، بێسارانی بە زانـایی بـالاّدەست دانـاوەو لەویش شـوێنی وەرگرتووە.

بێسارانی زانایەکی پایە بەرز و تەرزوە زۆریش شۆخ و قسەخۆش بووە. بێسارانی زۆر دەم بە پێکەنین و روگەش بووە، هەروەک لە هۆنراوەکانی دەر دەکەوێ، خاوەن بیرورایی، سەر بەخۆ بووە و فیکرێکی وردو قووڵ، دڵێکی ناسک و هەستێکی بە تینی بووە.

## عیرفان و خواناسی لە شیعری بێسارانیدا

بێسارانی شێعری عیرفانی و خواناسی زۆرە، بۆ وێنە لە پەرەی او ۲ی ئەم و تارەدا چەند شیعرمان لێکدایەوە، هەروا یەکێکی دیکە لە غەزەلە عیرفانیە هەرە جوان و دڵ نشینەکانی بێسارانی ئەم غەزەلەیە کە پێشکە شتانی دەکەمکە بە ناوی (**تەرسا بەردەنم**) ناودارە:

تەرسـا بـەردەنم ... راسەن سـوجدەی دەیـر تەرسـا بـەردەنم
مەی نـە پـای مـەمبەر مـەسجد وەردەنـم تـەجدیدێ مـەزهەب عیسـا کـەردەنم
فـەتوای بـەرهەمەن گـرتەنم نـەگوش دیـنمدان جـەلای دیـنێ مـەی فـروش
کـردەنم نـەدوش خـەرقەی رەهبـانان کێشـانم جـارەوی دەورێ بتخـانان
ئـانەگشت جـە وەخت نـادانیم بـیەن فـەسلێ (سـەرمەستی) و جـوانیم بـیەن
ئیسەهـا جـەگشت پەشیمـانیم بـەرد فـەسلێ پـیریمەن جـوانـیم ویـەرد

واتای واژە سەختەکان: تەرسا: مەسیحی. بەردەنم: بردومە. راسەن: راستە. ئەڵێ: من بومەگاور لە دەیری مەسیحی یەکاندا سوجدەم بردوە.

فتوای بەرهەمەن: بەرەهمەن، خودای هێندیەکان، رەنگ بێ ۸۰۰ ساڵ بەر لەدایک بونی حەزرەتی عیسا بەرەهمەنەکان لە هێندوستاندا خودای خۆیان بەوێنەی ئینسانێکی سێ سەر نیشان دابێ ولەوە دەچێ ئەقانیمی سەلاسە (خودا، عیسا، مەریەم) لە مەوە، وەرگیردرابێ. دینی سێ خودایی هێندی یەکان (ویشنۆ، بەرەهما، شیوا) یە. بێسارانی دەڵێ:لە تافی گەنجیدا لە بەر نەزانی دینی من ، دینی عەرەق فرۆشی خاوین کردوٚتەوە (من ئێستا لەوە تۆبەمە) و ئێستا پیروپوختەم.

دەتوانین بڵێین: بێسارانی رەنگە لە عیرفانی ئیسلامیدا پە یرەوی رێبازو (رچەی خەڵوەتیە) بوبێ، کە لەو رۆژگارەدا لەکوردستانی ئێراندا باو بووە.

## عەشق و ئەوینی بێسارانی

بێسارانی ئەویندارى کیژێ بووە بە ناوی (ئامینە) کچی شێر محەمەد ناوێک کە خەڵکی پایگەلان بووە، ئەو کیژە بوٚتە هوٚی هەڵقوڵینی شیعر لە بیروٚمێشکی بێسارانیدا.

شیعرەکانی بێسارانی ئەگە ربە چاوێ ورد بوێ بڕوانین ئەتوانین لانی کەم بیکەینە سێ بەش: غەرامی، عیرفانی، کۆمە لاّیەتی.

بێسارانی ئەویندارى خۆرسک و سروشتە، بە تایبەت دیمەنە جوانەکان، چیا بەرزەکان، تافگەو قەڵوەزەی ئاوەکافورەکان، گوڵە هەزار رەنگەکان، شاخی هەورامان، رەزەمێوەکان،جێگایەکی زۆردیاریان، لە شیعرە غەرامی یەکانی بێسارانیدا هەیە:

## وێنەی غەزەلی غەرامی:

چراغ وەنەوشە چنور چەنی گوڵ　　عەزم رای وساڵ تۆشان هانەدڵ

چنور جەسەرکۆ وەنەوشە جەچەم　　گوڵ جەگوڵستان وەهەم بیەن جەم

واتشان بەمن بەندەی فلاّنی　　چون حاڵ زانەنی، بەحاڵ مەزانی

بو نەڕای اللّە بکەرە کارێ　　بیاومێ بەوەسڵ ئەو دڵبەر جارێ

Dr.Saleh Ebrahimi


چــراغ یـــەهەرسێم بــەستن بــەدەستە چدەســـتە، دەســـتەی رزگـــاران بـــەستە
هــەرسێم یەئــاورد چـون خـاکەساران هەریەک وایـەی وێـم وە چـەم مـەداران
چــنور پــەی زوڵـفت پـەشێو حـاڵشەن وەنـــەوشە ســەودای خیــاڵ خــا ڵشـەن

## شۆین دانانی بێسارانی لەسەر شاعیرانی کوردەواری

بێسارانی لەسەر هێندێک لە شاعیرانی کورد شۆینی داناوەو ئەسەری کردۆتە سەریان. بۆ وێنە بێسارانی شۆینیلە سەر دوزانای بلیمەت و مەزنە شاعیری کورد داناوە، یەکیان حەکیم **مەو لەوی کوردەو** ئەمی تریشیان زانای بلیمەت (پیرەمێرد)ی نەمرە، کە پیرەمێرد بەشۆێن وەرگرتن لە بێسارانی شێعر و غەزەلی غەرامی **(چراغ وەنەوشەی)** کردۆتە سۆرانی و بە شێوەی سۆرانی دەڵێ:

ئــازیز وەنـەوشە و چـنور لەگـەڵ گـوڵ ســـە ودای دیــتنی تۆیــان کــەوتە دڵ
چــنور لە هــەردان، وەنــەوشە لەچــەم گولْ لەگوڵستان، یەکیان گرت سەرجـەم
وتیـــان پـــێم وەرە تــۆرابەرمـــان بـــە ئـەمە مـان بـۆ بکـەو تـا جیسەرمـان بـە
وەرە لەریـــێ خـــوا بکـــەرە کـــاریێ بگـەین بـە وەسـڵی ئـەو دو لـبە رجـاریێ
ئــەوە هــەرسێکم بــەستن بــە دەســتە هـــاتنەخزمەتت بـــە دەســـتی بـــەستە
هــەریەک بــە جــۆرێمەرامــی پــێتە گیــانیان بــە فـیدای خــاکـی بـەرپێتە.

**حەکیم مەولە وی کورد** لەم پارچە شیعرەی خوارێ داکە لەدەس پیری شکایەت دەکا و لەگەڵخۆیدادەدویلە چەن شێعری بێسارانی بەوێنەی تێهەڵکێش کەڵکی وەرگرتووە کە فەرمویەتی:

پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن تــەعظیم جەنـــاب پـــیری لازمـــەن

یانی نێوچاوانم دانەویوەتەوە وئارە زوی وایە بگاتە ئە ژنۆم چونکا پیری هاتووە ورێـزلێ گرتنی پیوستە[1].

---

١- مانای واژەکان: (ئەولای: بولای، پەستی: دانەوینەوە. وردیکلانەن: وردیلە. هەستی:بوون، وجـود، مەوجود) ئەم شیعرە ئاماژیة بە ئایەتی پیروزی (ومن نعمرە، ننکسە فی الخلق)

بـالاّکـەردەوە مـەیل ئـەو لای پـەستی     وردیکـــلاّنەن دەروازەی هـــەستی .
مـــەعدومی! کـــردەی بـــە دی هـــەزارتـــەرز
زانـــوی ئـــومێدت نـــاوەڕۆ ئـــەولەرز
ئـــەوکەس مـــەزانـــوو ستّـــارەن ئـــارۆ
جە و بـوزورگ تـەرەن شـەو ئـەوروّت نـارۆ
سـفیدیت قەلغـان پـەی روی سیات بـۆ     کـــە مـــانیت شـەفیع تیردیـــات بـــۆ.
تادەڵێ:
عـــەزابـم ئـەرسەدجە حـەدبە رشـی‌یەن[1]     جەروسیـــاییم گـــرانـــتەر نـــی‌یەن.
مـــن کـــە خەجـــاڵەت خـزمەت ئـاماپێم     جـەهەنم صەدسـاڵ دۆزەخ بـۆ وە جێم.
مـــوتریب، بـــۆ وەداد دڵگـــیریمەوە     پـــیری هـــا ئـــاما وە پـــیریمەوە
نـــەوات وێـــرانـــەی دڵ کـــەرۆ ئـــاوا     چەنی **(بەستەی فەرد بێسـاران مـاوا)**

نەوات: ئاوازی خۆش. لەگەڵ. بێسارانی ماوا: ئەوەی خە ڵکی بێسارانە، کەمە بەست مەلامستە فای بێسارانی‌یە. یانی: کاکی گۆرانی بێژ بێ‌بەهاواری داماوینەوە چونکا پیری هاتوە بەپیرمەوە، وەبەئاوازی خۆشت دڵی وێرانم بەم شیعرانەی خوارەوەی بێسارانـی ئـاوەدان‌و شادبکە.

## شیعری بێسارانی لە نیۆشیعری مەولە ویدا:

«ئـینە گـرد جـەوەخت نـادانـیم بـی‌یەن     فـەصڵ سـەرمەستی جـوانـیم بـی‌یەن»
«ئیسەهـا جـەگشت پەشیمـانیم بـەرد     وادەی پـــیریمەن جـــوانـــیم ویـــەرد»
کـــۆچ دوایـــیمەن، یـاوانـم نـۆبە     نـــۆبەی تـــوبەمەن، کـــەرەم دار، تـــۆبە[2].

ئەم شۆێندانانەی بێسارانی لەسەر **مەولەوی و پیرەمێرد،** بەسەبۆزاناییو جوان وێژی وچاکی و شوێن‌دانان و نەوع دۆستی بێسارانی.

---

۱- مانای واژەکان: ستارەن: گوناە پۆشە. ئارۆ: ئەمرۆ. نارو: نەهێنی.ناوەرو: نەهێنیت.
سفیدیت: ریش سپی‌بون. کەمانیت: چەمینەوەت وەك کە وان. شەفیع: تکاکار. دیات: روانـینی حـە رامت بونامەحرەم.- تادەلی:
۲- یاوانم نوبە: بەسەرم هاتووە. ویەرد: بەسەرچو.

Dr.Saleh Ebrahimi



## بێسارانی و ڕێبازی ڕۆمانتیسم

هە رچەندە، هەروەک مێژودەنوسێ: سەرهە ڵدانی ڕۆمانتیسم لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە لەئیگلیس و ئەلمان وفەرانسە دەستی پێکردوە، بەلاّم بێسارانی لەسەدەی حەڤدەدا، ژیاوە کە هێمان مەسەلەی ڕۆمانتیسم دانەها تبوو شیعری ڕۆمانتێکیش لەئوروپادا پێوەندی بەباری شارستانیەت و ژیارو پێشەسازی و بوژانەوەی علیمو هونەریا باشتر بڵێین: پێوەندی بە(ڕێنیسانسەوە) هەبو، یالەسە ردە میسەفەوی یە کاندا کە یە کەمین چرۆی بورژووازی سەری هەڵداوە لەئێراندا،کەچی بێسارانی لەبارو دۆخی لادێنشینی وکشت و کاڵدا ژیاوە، بەلاّم بێسارانی لەشیعری سەر بە ڕێبازی ڕۆمانتیکدا، شیعری داناوە، چونکا بێسارانی لە مەڵبەندێکی خۆرسکوپڕو تەژی لەگوڵی ڕەنگا و ڕەنگ، چاوی کردۆتەوە،دیارەخۆرسک و سروشتیش لەرێبازی ڕۆمانتێکدا نەخش و دەورێکی سرنج راکێشی بۆهەیە کە سەرچاوەی حەسانەوە، بەختیاری، بزۆینەری هەست و عاتیفەی هونەروەرە، وەهەم بەدی هێنەری دەرد و کەسەرو پەژارەیە. بێسارانی وەک بەدی هێنەرێک، خورسک بەو واتایە لەدل و دەرونیدا شوێنی داناوە و بۆتە سەر چاوەو بناوان بوهە ڵقوڵین وهەژاندنی ئەوینێکی خودایی و عیرفانی، هەروا خۆشەویستێکی پاکوبێخەوش بۆتە هەستێکی غەرامی، وەئەو هەموە دیمەنەجوان و نەخشینانەی کوردەواری و ناوچەی کورد و گۆران کە بۆ بێسارانی بونەتە وێنەیەکی هەست پیکراوی پە رووەردگار، هەمو بونەتە هۆ، بۆ بەدی هێنانی تابلۆ ڕەنگین و سیحراوی یەکانی بێسارانی.

چــراغ ڕەزانبـــۆ، چـــراغ ڕەزانبـــۆ خــاس ئیدەن گـڵکۆم نەپـای ڕەزانبـۆ
نــزیک وە پــرشنگ پـای قـەڵوەزانبـۆ ئــامێتەی خــاکــم، وڵگـی خـەزانبـۆ.

بێسارانی لەتێ ڕوانینێکدا بۆخۆرسک وتەبیعەت لەم دوشیعرەدا دەڵێ خۆزگە لەدوای مەرگم گۆڕەکەم لە پەنای باخەتیرێ و ڕەزێک دابێ، وە لەنێزیک تافگەیەک دابێ تا پرشە وپریشکەپڕشکی قەڵپەزە و تافگەکە، لەقەبرەکەم بدات وفێنکی بکاتەوە وگڵکۆکەیشم لەگەڵ گەڵا ڕێزانی پاییزیدا ئاوێتەبێ[١].

---

١- زمان و بیرو... نوسراوی زاناو موحەقیقی بەرێز (محمدعادل محمدپور) مەریوانی خوابیپاریزێ

## تەشبیە لە شێعری بێسارانی و مەولەویکورددا

حەکیم مەولەوی کورد لەشیعرێکدا عالی ترین تەشبیە وبەلیغترین تەشبیهی بەکاربردوە کە فەرمویەتی:

گوڵچون روی ئازیز نەزاکـەت پۆشـان

وە فراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان

کەلەم شیعرە دامەولەوی بەجوانترین شێوە تورت و ناسکی وجوانی گوڵی بەجوانی و زەریفی گۆنەو رومەتی ئازیزەکەی تەشبیەکردوە، هەروا بەفراوی کۆیستانی بەلافاوی ئەسرین و فرمێسکی ئە ویندارەکەی دەشوبهێنێ... دیارە کـاتێ ورد بینـانە بـروانینەئەم شیعرەی مە ولەوی ئیتربۆتە شبیهی عالی و بەرز و تەرز هەربەم شیعرە وێنە دەهێنینەوە و قەت ناڵێین: (ئەبوحنیفةکابی یوسف) - بێسارانیش دەڵێ:

بـەرەزایـیێ هـەن جـە سـایکەمەردا

پەخش و پەرِ کـەردەن بـەو سـەرانـدەردا

چـون زولـفی یـاران، سـافی سـەراوێـز

مـە گـێلۆ نـەدەور، تۆفـانی سـۆب‌خێز.

کەگوڵە بە رەزای بەزولفی یار شوبهاندوە، کە ئەمەلە زانستی بەلاغەدا زۆر جـوانـەو بەرزوعالی‌یە.

## بێسارانی و خواجە حافزیشیرازی:

بێسارانی لەبابەت حافزەوە فەرمویەتی:

| | |
|---|---|
| حـــافظ بــاحیسی شـاخی نـە بـاتت | بـە نـوشیدەی جام جـورعەی مـە مـاتت |
| بەهەوای (گوڵگەشت)سەیری (موسەللات) | بەئاب (روکناباد) سە رچـەشمەی حەیـات |
| بـە (لسـانالغـیب) سـینەی پـڕجەدوڕ | مایەی دڵ جـە گـەنج، بەحری مەعنـاپوڕ |
| جەوســاوە قــیبلەم جــەمن دور کـەفتەن | سەرتــاپای بـــالام ئـــالودەی نـەفتەن |

---

بۆخرمەت‌کردن بەزمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کۆواری ئاوێنە چاپی ١٣٧٤و پەرمانی ٢٢ تا ٢١.

فـــاڵێ (وصـــف‌الحـــال) بـــاوەر پـــەڕێم          موناسب بەحاڵ جـەستەی خـەستەی وێـم
هـــەرشەو جـە ئـاسمان قـەبرت پـڕنوربۆ          دیـدەی بـەد جـە شـاخ زوبـانت دوربـۆ.

ئەم شیعرانە نشانەی ئەوەن‌کە بێسارانی‌کەوتۆتە بن شوێنداناانی حافظ و ناسیاو بەئەدەبی فارسی بووەو زۆر جوان و شاعیرانەکەڵکی لێی وەرگرتوە جاچون لەزەمانی صەفەوی یەکاندا ژیاوە، هەروەها بەشێوە و شێوازی هێندی و شێوەکانی دیکەکەلەو خولەدا لە ئێرانی صەفەوی‌دا باو بووە سودی وەرگرتووە.

## ئیستیعارە لە شیعری بێسارانیدا:

یەکێک لە نیشانەکانی رەوان بێژی و زبان تەرولە باری وجوان وێژی ئەوەیە،کە شاعیر یانوسەر لە وردەکاری ئەدەبی و هونەریدا، وەلە بەکاربردنی ئیستیعارە و تە شبیە، هەروا لە خونجاندن وگونجاندنی ئەرکانی بەلاغەت‌دا بەوزەو بەهێز و بەدە سەلاٌت بێ. جا لەبەر ئەوەی مەولانا بێسارانی لەفەرهەنگ،زمان و ئەدەبی عەرەبی و فارسی و مەعـارف وزانسـتەکـانی قورئانی و ئیسلامیدا، هەروا لە زانستەکانی بەلاغە، بە دیع و مەعانی زۆر شارەزا وخودان بیرو وردبین و بیرتیژ بووە، لەو جۆرە زاراوانەدا زۆر بە وزەو خاوەن نەزەر بووە، ئەوەیە لە شیعری بێسارانیدا زۆر چاوت بـە وردەکـاری، تـابلۆێ رەنگـاورەنگ دەکـەوێ، کـە پـڕوتەژین لەصووەری خەیاڵ، بیری وردو تازەکە دارماڵن لەواتـای نـەخشین وڕازاوە، جـائەوەیەکە شیعرەکانی بێسارانی پڕوتە ژین لەو جۆرە زاراوانـە و بـەوێنەی سـەهلی مـومتەنیع خوێـان دەنوێنین، کەدەڵێ:

دیـــدەم بینـــایی تـــێش غەمـــانۆ          پـــەڕو بـــاڵ نـە دەور زوڵمـات مەشـانۆ

بێ ئەوەی بەدوای واژە و واتاداگەرابێ، ئیستیعارەو واتای تازەی بەکاربروە، زوڵمات ئیستیعارەی مەکنیەیە،کە شوبهاوە بەباڵندەیەک،کە پەروباڵ لێکدەدا، مەل و پەلەوەرەکە، ناو نەبراوە، بە لاٌم لە باتی ئەو پەرو باڵ، ناو براوە، کەقەرینەیە بۆناسینی بـاڵندەکـە (مشـبە بـە) ەوشوبهاوە بە (زوڵمات)کە (مشبە )ە.

## بێ مرادی و نەگەیشتن بە ئاوات لە شیعری بێسارانیدا:

باری نالە باری ئابوری و پەرە وازە بونی شاعیران وگەڕان بە دیهات و شارا بوفێربونی عیلم وزانست و کز وکەساسی و هەژاری خەڵک بونەتە، بارێکی گران لە نێوبیرومێشک و خەیاڵی بێسارانیداو ئەم واتا و شیعرانەی خولقاندوەکە دەڵێ:

بـە کـەم کـەم کـەردم، بـە کـەم، کـەمکەردم — کـۆ کـۆ کۆی خەمـان بـە کـەم، کـەمکەردم
پـەی پـەی پەیـاپەی هـونی دڵ، وەردم — مـەن مـەن منـا مـەن، داخ، وەگـڵ بـەردم
سـەدمەردەم مـەردەن، سـەد کـۆسم کـەفتەن — هـیچ کـەس ئـاخ وداخ جـەمن نـەشنە فـتەن
ئـاخ ئـاخ وداخ داخ وەیـوەی‌و رۆ رۆ — هـەرهەشت بـەغەزەب لێـم بـیەن کـۆ
قـیبلەم جـە دوریت چـەنداخـان وەردم — خەیـاڵ وەداخـی خەمـان شـاد کـەردم

## قافیەو وەزەنی شیعری بێسارانی:

من لام وایە وێژە و ئەدەبی کوردی گۆرانی واتە (هەورامانی) هەردە لێی بە دانستە بۆ شێعری کوردی بەدی هاتووە، تاشیعری کوردی لەسەر ئەوەدانرێ، جاهەرلە بەرئەوە یە، بێسارانی، مەولەوی، خانای قوبادی، مەلاپەریشان، سەرهەنگ ئەلماسخان، میرزاشەفیع کێمنەیی‌و... باوەکولە زانین و عیلم و فەرهەنگ و مەعارفی ئیسلامی‌و ئەدەبی فارسی و عەرەبیدا هەرشەپۆلیان داوە، کەچی لە شیعروتندا نەکەوتنەتە سەر ڕێبازی ئەوان، بەڵکو بونەتەئاڵاهەڵگری داب و دەستور و وێژە و ئەدەبی خۆماڵی کوردی باوی باپیرانمان، گۆرانی وستران و فۆلکلۆری کودیشیان لە بەرچاو بزرنەبووە، بەتایبەت کە لەرێنوسی زمانی کوردیدا سەروژێرو بۆر نیە، بەڵکو ئیعراب بە حوروفە و ئە مەیش خۆی تایبەتی زمانی کوردی‌یەو لەزمانی عەرەبی و فارسیدا نییە، جاهەر لە بە رئەمە زۆربەی کێشی شیعری کوردی بەرەسەنی و خۆماڵی ماوەتەوە. تەنیا کەسانێ وەک «نالی» کێش‌و... عەرە بیان بە کار بردوە[١].

١- ئەویش بۆ ئەوەیە کە نەڵی کەسمان نەبووە لەم مەیدانە دائەسپی خۆی بتاژوێ، جاهەر بۆیی شانازی بەخۆی‌دەکاکە شیعری بەزمانی کوردی وتوە هەروەک دەڵێ: کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردی یە، خۆ کردی‌یە=هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا.

بێسارانی لە سەرقافیەی (مەسنەوی) شیعری وتووە، یانی (قافیە) لەهەر نیوە شیعرێکدا سەر بە خۆیە، بێسارانی خووی وابووە، لە نیوەشیعری یەکەم و دووەمدا (قافیە) ی یەکسانی هێناوە و نیوە شیعرەکانی دیکەی بەپێی زەوق و سەلیقەی خۆی، گۆڕیونی، هەروەک فەرمویەتی:

ئاخ پەی منالی ئاخ پەی منالی — ئاخوا دریغا پەرێ منالی
گۆشەی خاترم جەخەم بی خالی — لاقەید بیم، جە تان، جەوەشی وتالی
هەربازیم مەکەرد من چەنی یاران — مەشیم وە باوەش نازک ناز داران
ئیسە جە شومی زەمانەی باتڵ — نازاران یەک یەک لێم مەکەران سڵ

بێسارانی لە شیعری یەکەم دامنالی وە لە شیعری دووەمدا(قافیە) ی خالی و تالی کە چی لە شیعرەکانی دواییدا (قافیە) شتێکی دیکەیە و جۆرا و جۆرن.

سەرچاوە: مێژوی ئەدەبی کوردی، بەغدا (١٣٧١ی مانگی و ١٩٥٢ی زاینی پەرەی ١٨٠ و کۆواری گەلاوێژ پەرەی ٢٠ و ٢١ چاپی بەغدا ١٩٤٤ز، ژومارەی ٤ و ٥-کتێبی پیری شالیار پەرەی ٣٧- دیوانی دەستخەت بە لێکۆڵینەوەی جەنابی سەید تاهیر هاشمی خوالێخوشبو - تاریخی مەشاهیری کورد، عورەفا، عولەما، ئودەبا، شاعیران بەرگی یەکەم دانراوی زانای خوالێخوشبو بابا مەردوخ رۆحانی شێوا - چاپی ١٣٦٤ تاران سروش - پەرەی ١٦٧ تا ١٧١-وە کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یاگەنجینەی فەرهەنگ و زانست چاپی ١٣٦٤ بە ژمارەی (ثبت کتابخانۀ ملی) تاران ٧١ - ١٣٦٣/١١/١٥ی هەتاوی نوسراوی محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل) پەرەی ٢٧٦ تا ٢٨٦-وە زمان، بیرو... نوسراوی زاناو لێکۆڵەری بەرێز: (محمدعادل محمدپور) خوا بی پارێزێ بۆ خزمەت بەزمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی -گۆواری ئاوێنە بەکوردی چاپی ١٣٧٤ هەتاوی ژمارەی ٢١ و ٢٢ پەرەی ٢٢ و ٢٦ - زمانەوانی محەمەد مەعروف فەتتاح پەرەی ٣ و رێبازی رۆمانتێک لە ئەدەبی کوردیدا، دانراوی خورشید رەشید ئەحمەد - دیوانی حەکیم مەولەوی کورد پەرەی ١٠٨ تا ١٠٥ چاپی ئۆفستی سەرماوەزی ١٣٦٧ی هەتاوی؛بەکۆ کردنەوە و لێکۆڵینەوەی زانای پایە بەرز ئیمام شافیع رۆژگار عەللامەی موحەقیق مەلا

Dr.Saleh Ebrahimi



عەبدولکەریم مودەریس خوا دەوامی ئە وزاتە موبارە کە بدا. دیوانی زانای بلیمەت بێسارانی بەرگی یە کەم بە کۆکردنەوە و لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی کە یومەرس (عبدالغفور) نیک رەفتار سولەیمانی بە یارمەتی کۆماری عێراق ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیریو لاوان ١٨/٦/١٩٨١ی زاینی و ٢٨/٣/١٣٦٠ی مانگی.-١-

١ - ئەم وتارە بو کونگرەی ریز دانان لە بیسارانی نوسراوە، کونگرەکە لە شاری مەریوان لە سالونی تازەی فەرهەنگو ئیرشاد-ی شاری مەریوان لە روژانی پینجشەمەو هەینی ٢٧و ٢٨ی گولانی ٢٦٠٨ی کوردیو ١٣٧٥ی هەتاویو ١٥ی مەی ١٩٩٦ی زاینیو ٢٧ی زیحەجەی ١٤١٦ی مانگی بەریوە براو ئەم باسو لیکولینەوە لە روژی ١٣٧٥/٢/٢٧ دوا بە دوای قسەکانی ئوستانداری کوردستان خوم خویندمەوە. • شەپۆل •

Dr.Saleh Ebrahimi



# چیرۆکی تەنزاوی

**چیرۆکی تەنزاوی شیعری فولکلۆری حاجی مام ڕێوی بە دەنگی کاک: ڕەشاد کە شیعرەکانی برای ڕووناک دڵ کاک: ڕەسول قەرە کەریمی داینا وەو لە قەوڵی مام ڕێوی یەوە کە دەچێ هەندێ پارچە بۆ دەسرەومێزەرەی دەوری سەری بکرێ و ڕوو دەکاتە پارچە فرۆش وپێی دەڵێ:**

ڕۆڵە گیان بیفرۆشە بە من    بۆو حیساب دەکەم بە پازدە تمەن
من دۆستی بابتم چۆن دەبم بەدوژمن    من تۆبە، حیللەی وا ناگێڕم
من عاشقی دینم کوا عاشقی زێڕم    ئەم تەبلیغاتە کە بکەم تەواو
بیکەمە دەسماڵ بۆ بەستنی چاو    تەواوی مەلان فریو دەخۆن بۆم
ئەمجار دەتوانم یەک یەک بیان خۆم    بەڵێ ڕێوی فیکری هێنا سەر ئەوە
کەرێ پەیدا بکا بەو نیوە شەوە    هەستا لە ڕێوە، کەری پەیدا کرد
کەشیدەی زەردی بۆ سەری ساز کرد    لێی سواری کەر بوو بە کەشیدەوە
کەڵەبابێکی دی واقی بردەوە    وتی: عەجایەب باوەڕ ناکرێ
دەبێ بۆ کوێ بچی بە سواری کەرێ    کە لێی خوردبۆوەو زانی کە ڕێوی یە
قاتڵی ئەوەو داعبای کێوی یە    کەڵەشێر وتی: چاکت دەناسم
گەرچی قاتڵی من لێت هەراسم    لە بۆ کوێ دەچی بەم کەشم و نەشمە
تۆو مام ڕێوی ئەم ڕیش و پەشمە    بە کەشیدەو بەرماڵ و تەسبیح(۱)
بەم زیکرو ویردەی دەیفەرموی فەسیح    لە بۆ کوێ دەچی مەقسودت کوێ یە؟
ئەم کەشیدەیەت لەبەرچی پێیە    وتی: خۆ ئەتۆ قورئان دەزانی
بە لای خۆت مەلاو خاوەن ئیمانی    چۆن تۆ مەلا بی و شەرع بزانی
قەت نەچوبێ نوێژی بەیانی    نازانی ئەمن دەچم بۆ حەجێ
چۆن پیاوی عالم بەسەهو دەچێ    تۆ ئەهلی عیلمی بۆ حەجێک ناکەی
ئاخر و عاقیبەت مەلای هیچ نەزان    بە بارەقەڵڵاو تەعریفاتی جوان
بێ ئەوەی هیچ بڵێ و فریوی خوارد بۆی    چو لە پشتەوە سوار بو وەکو خۆی

---

۱- سَبْحه

Dr.Saleh Ebrahimi


ئەمجار مام ڕێوی زاڵمی دەرەبەگ    وەندە نەڕۆیشت گەیشتە لەگ لەگ
بانگی کرد لەگ لەگ ڕێوی لە بۆ کوێ    لە بۆ چ لایەک تەشریفو دەچێ؟
ڕێوی بانگی کرد: باوکەکەم حاجیم    دەڕۆین بۆ مەککەو بە حەج موحتاجیم
با کەر ماندوش بێ و جێگایش بگرێ    چونکی ئیسلامی و ئاخری دەمرێ
کە بۆم ڕێگایە بێی بە دڵی کەباب    مەجبورم دەتبەم وەکو کەڵەباب
وتی: مام ڕێوی تۆ زیددی منی    کوا جێی باوەڕی بە من دوژمنی
کە بیانو نەگری و قەسەم بخۆی بۆم    منیش دێم بۆ حەج ڕەفیقی ئەتۆم
وتی هەزار جار بەو حەجەی دەیکەم    هەتا بمێنم خەیانەت ناکەم
بابم بە قورئان تۆبەم کردووە    یا سوارم کردووە ئە ئەو مەلایە
من ئەو ڕێگام دووجار بڕیوە    زۆر دەردی مارو بێ ئاویم دیوە
تۆ بۆ شەڕی مار سەر نێزەت پێیە    حاجی و غازی ڕێی بەهەشتت پێیە
ئەوجا کەڵەباب کە ئەو عالمە    بۆیێم هێناوە بەو دەردو غەمە
من لە خۆفی مەرگ یەکجار دڵتەنگم    بۆیە بە دایم کزو بێ دەنگم
دەڵێم مەبادا بکەم وەفاتێ    لە کاتی گیاندان مەلام نەگاتێ
بابێ عالم لە پشت سەرینم    تاکو ئیشەڵڵا مەحفوز بێ دینم
مەبادا شەیتان زەللە بکا پێم    ئاوری جەهەنەم بکاماڵ و جێم
ئا بەم قورئانە مەنزورم وایە    کە خوێندی مەلاو لەسینگی دایە
جا ئەگەر دێی بۆ حەج فەرمو، وەرە پێش    کە ئیماندارو ئەهلی ڕۆژوو نوێژ
کە لە مەجلیسی مەوعیزەی تەواو    لە حاندی ڕێوی دڵی بوو بە ئاو
ئیتر خۆی نەگرت یەکجار بەگشتی    لێی سواری کەر بوو خۆی خستە پشتی
ڕێوی کە لەگ لەگی دی لە دواوە    زەردێکی بۆ گرت و ئاوڕێکی داوە
وتی: لە خۆراکردم بە ڕەفیق    تا کەوڵی دەکەم پێوەی دەکەم دیق
گۆشتی لە کوێ بوو ئەم دارو بەردە    سەممی قاتڵەو سەبەبی دەردە
وتی: رازی بە، بە بەشی خودا    چی لەگەڵ دەکرێ کە ئەوەش نەدا
ڕێوی ئەم سەفەر ڕوی کردە لەگ لەگ    بە پۆنزێکەوە عەینەن وەکو گەف
واچاکە بڕۆین بۆ ماڵی مەککە    خودا لەو ڕێگا کۆمەگمان بکا
وەندە نەڕۆیین لە شاخ و بەردێ    کەوێک بانگی کرد لە شاخ و زەردێ
وتی: فێڵ باز پیری زەمانە    باڵندەت نەهێشت پار ئەودەمانە

Dr.Saleh Ebrahimi


ئەلئان بۆ شێخیت چت بەسەرهات      ئەو باڵندانە بۆ هاتونە لات
واچاکە بڕۆی لە پێشیان لاچی      من کەوی راو بووم لە لای قەرەچی
تۆ چەتەو دز بووی لە لای چادرەکان      بۆ سیرمە کونێک ملی خۆت دەشکان
ئەمما کەشیدە یەکجار هەرزانە      لە بۆ ئیعتیبار فێڵێکی جوانە
ئەرێ مام حاجیی کەشیدە پۆشی      لە کوێیان دەخۆی کەواکەیف خۆشی
ڕێوی هاتە جواب، وتی: مامە کەو      ئازاو بەکاری فڕین و بدەو
تۆ خودا نەسوحیش خراپ نەبوو زو      بێئیمان نەبوو، وەک ئەرمەنی و جو
بۆچی لە پاشان کە رجوع بۆوە      خوداش لێی قەبوڵ کردو موسڵمان بۆوە
خودا فەرمویە هەر زەمان لە پێش مردنی      بخوازێ ئەمان دەیبەخشم فەوری
روحمی پێ دەکەم      گوناهی پێشوی بۆ حیساو ناکەم
من تۆبەم کردووە بەلای خۆی حاجیم      بەسمە رەفیقی تەسبیحی ناجیم
نابینی حاجیم کەشیدەی سەرم      پێت وایە بۆ گۆشت ئیمانم بەرم
کەسێ دەست بگرێ بە قوڵفی مەککە      نەعوزبیللا، کاری وا دەکا
تۆ بۆیێ ئەلعان لە من زەنینی      ئیشی ئەوەیە بۆ خۆت بێ‌دینی
من لەبەر بابت کە دۆست بوو بە من      دڵسۆزی تۆشم نابم بە دوژمن
بۆیێ پێت دەڵێن: وەرە لەگەڵمان      چ بکەین بە ئەتۆ روون دەبێ دڵمان
خودالێخۆشبووی باوکت نەماوە      ئەم وەسیەت نامەی بۆ من داناوە
نووسیویە حاجی لە پاش مردنم      لە پاش ناشتن و تەلقین کردنم
هەرکات بۆ حەجی سێوەم رۆیشتی      کە ساحیب دین و ئەهلی بەهەشتی
کوڕەکەم لەگەڵ خۆت لە بۆ حەجێ بەرە      ئیجازەی بدە سوار بێ لەوکەرە
ئاوای نووسیوە لە کاتی ژیانی      خودا عەتاکە بە ئەو ئیمانی
تۆ خوا لێخۆشبووی باوکت مردووە      ئەو وەختە عەهدم لەگەڵ کردووە
کە بچمە حەجێ رۆڵە تۆیش بەرم      ئەگەر دەر نەچێ و بتوپێ کەرم
لەسەر ئەو عەهدە ئەگەر بمێنم      وەسیەتی بابت بەجێ دەهێنم
تۆیش رەفیقم بە لە حەج کردنم      کوڕی جوانچاکی خاڵ لە گەردنم
ئەجەل لە شوێن هەموو کەس وێڵە      کێی مۆڵەت داوە بڵێ جەحێڵە
نات کەم نەسیحەت بە کینەو دەهۆ      من قاتڵم، سەگەو تۆ پیرە هەڵۆ
چون عاقیبەتی هەموو مردنە      رۆژی تۆبەیەو پەنا بردنە

Dr.Saleh Ebrahimi

ئێمە ساحیبی دوژمنی وابین     دەبێ بە دین و دۆستی خودا بین
جا تۆ بۆ نابێ بچین بۆ حەجێ     بیبە رەفیقمان تاقەتمان نەچێ
کەو فریوی خوارد سوار بوو لە خۆوە     ئەوەی دەیزانی لەبیری چۆوە
حاجی بە حیللەو بە کەشیدەی زەرد     کەوی هێنا خوار لە رەوەزو بەرد
کە سوار بوو، وتی: رەفیقی شیرینم     رەفیقی حەج و رێگای یەقینم
وەختی نوێژ هاتووە چ بکەین لە بۆ ئاو     بگرین لەسەری دەسنوێژێ تەواو
چون رۆژ درەنگە لەتاوان گێژم     دڵم دەتوقێ بفەوتێ نوێژم
وتی: دابەزن یەکجار ماندوبووم     کە ئاونیە نوێژم بکەم بە تەیموم
ئەم سەفەر حاجی لەکەر هاتە خوار     هەڵی گرت بە خاک تەیەمو دوجار
کە نوێژەکەی خوێندو ئاوڕی داوە     کەشیدەی سەری بە باکراوە
فەورەن کەشیدەی بەستەوە لەسەر     ساز بوون هەموویان لێی سوار بوون لە کەر
سەریان سوورما بوو لە نوێژی رێوی     کە بە تەیەموم دای بەست لە کێوی
وتیان بە یەکتر ئێمە نەزانین     کوا خاوەن ئەقڵ و ساحیب ئیمانین
بۆ دەبوو ئەوەڵ باوەڕ نەکەین پێی     لەو زاتە گەورە ئەمین نەبین لێی
لەسەر ئەم نەقڵەو ئەم بەحسە جوانە     بەرەو مەدینە کە بوون رەوانە
وەندە نەرۆیین کە سوار بوون هەموو     لە بن کەڵەکێک بانگی کرد پەپو
وتی: لە بۆ کوێ لێی سوار بوون بە ناز     ئێوەو رەفیقی رێوی حیللەباز
نازانن ئەوە لە بنەوە بڕە     بێ دین و مەل خۆر و جوچکە زگ دڕە
وتیان: مام پەپو وریای بەشەدور     وا بانگمان دەکەی دەخوێنی لە دوور
چ حەدت هەیە بڵێی بەم زاتە     کە کەوتە شوێنی مایەی نەجاتە
ئەعزەنەڵلاکە بڵێی: بێ دینە     لە رێگای بوغزو حەسەدو کینە
پەپو هاتە جواب وتی: براکان     قەسەم بە شێخان و بە دەستەی پاکان
ناتان باتە حەج برای هاودینم     لە نیوە شەودا مەرگتان دەبینم
رێوی هاتە جواب، وتی: مام پەپو     خۆ بابت وەک تۆ بێ ئیمان نەبوو
من بابتم دیوە لە لای سولەیمان     زۆر موسڵمان بوو یەکجار بە ئیمان
هێند خۆشەویست و پایە بەرز بوو     ئیتاعەی نەبی لە لای فەرز بوو
حەزرەتی سولەیمان لەکاتی ژیانی     ئەو پێغەمبەرە گەورەو نورانی
کردی بە وەزیر بۆ تەکبیرو را     لەسەر باوکتی کرد ئەم تاچەپەڕە

Dr.Saleh Ebrahimi


زۆرم پێ حەیفە ئەلعان هی تۆیە — چون پیشەت خواردنی سوێندی درۆیە
لە بیرمە بابت لە خزمەت نەبی — یادی بەخێر بێ و عەفو بێ رەببی
رۆیی بۆ حەج بۆ کردنی تەواف — چۆن تۆ بە جارێ شانت کرد نەوی؟
پێم بە تەمانی پەپو بەم زووە بمری — وا رێگای فەرزو ئیستاعەت ناگری
لە بری لە بۆ رەزای خوداوەندی جەلیل — حەجمان لەگەڵ بکەی و ببی بە دەلیل
کەچی جەنابت مانیعی حەجی — ئینشەڵڵا ئەتۆ بۆ بەهەشت ناچی
پەپوکە بیستی ئەم نەقڵ و قسە — روی کردە رێوی عەرزی کرد بەسە
وتی: دەتەوێ وەکو ئەوانە — لەگەڵ خۆتم خەی بەم بیانە جوانە
ئەوسا نیوەشەو بمبەیە کونێ — لە شاخ و بەندەن‌و چرێ
بیانوم پێ بگری و بمکەیە شامت — ئەوە ئەمن نیم بکەومە دامت
رێوی پێکەنی و قاقای بۆ کێشا — وتی: زۆر سەیرەو قسەیەکی خوشا
تۆ باوەڕ دەکەی بە هەوای نەفسم — ببەم شەرەف و ئابرو ناموسم
لەم رێگا پاکە رەفیقانی خۆم — ئەعازەنەڵڵا بچم بیان خۆم
ئەم فیکرە قۆڕە دەر بکە لەسەر — وەرە بۆ حەجێ و لێی سوار بە لە کەر
ئەمەش بزانە چون ئاخری دەمرم — بە عەزمی خواردن هیچ مەلێ ناگرم
بۆیێت پێ‌دەڵێم تۆیش تەشریف بێنە — بۆ رەزای خودا حەج بەجێ بێنە
دەزانم ئاخری هەمومان نەمانە — کەوایە رۆژی تۆبەو ئەمانە
دەخێل و ئەمان بۆ ئەو رێگای — بە فریبی شەیتان خۆت مەخە دوایە
بە حیللەی رێوی ئاخری مام پەپو — چو لە پشتەوە، وەک ئەوان سوار بوو
سوار بوو پەپو، رێوی بە گرژی — وتی: مام پەپو تۆ بۆ قرژی
دڵی پاکی تۆ بۆ حەج لە جۆشە — رەنگ بێ هی تۆ بێ ئەم بۆنە خۆشە
وتی: بە خۆڕا هێنام مام پەپو — بە بۆنی پیسی مێشکی سەرم چو
وتی: رازی‌بە بە تۆزە بۆنێ — ئەوە چاترە لە سیرمە کۆنێ
وتی: حاجیەکان با بە رێکەوین — نەک وەختی بڕواو فریا نەکەوین
سواری کەری کرد هەمووی بە جارێ — وەختی رۆژ پەرو نێزیک ئێوارێ
لە هەورازی داو لە کەل سەرکەوت — دوو کۆتر چاویان بە رێوی کەوت
پێیان سەیر بوو ئەو خێڵ و بارە — وا بە درەنگەوەو لەو لای ئێوارە
کۆترەکان وتیان ماندونەبنەوە — بۆ بوونە ئەسیری دەسی ئەو جووە

Dr.Saleh Ebrahimi


وتیان: حاجیەو تۆبەی کردووە ... بۆو لانەی دەڵێن: دڵی مردووە
وتیان: چۆن باوەڕ دەکەن بەم گورگە ... تۆبەی بەڕاستی نەمانو مەرگە
نازانن ئەوە قاتڵە بۆ ئێمە ... چوار جوچکەی خواردوین پەروەندەی پێمە
ڕێوی هاتە جواب وتی: کۆترەکان ... بەم حەجەی دەچم قەسەم بە قورئان
بە درۆ پیاوی پاك نابێتە دوژمن ... کەشیدەی سەرم شاهیدە بۆ من
قەلەسابونی جوچکەی ڕفاندوی ... خەجاڵەت نابی بە من دەڵێی: جوی
ئیفتیرا پێم بکەی بەم کەشیدەوە ... ئافەرین قاتڵی جوچکو دیتەوە
قەسەم بە خودا لە ڕۆژی مەحشەر ... شکایەت دەکەم لە لای پێغەمبەر
گەر قاتڵی جوچکەم بە قسەی ئێوە ... کە بوختان ناکەن لەو شاخ و کێوە
کوا شاهد بڵێ: بە ملم وە باڵی ... کوا سەری جوچکەت یا توکی باڵی
ئێوە دەفەرمون پەروەندەم هەیە ... ئەگەر ڕاستویژدانو هەیە
کوا عەکس و مۆرو ئیمزای کاغەزم ... بەچ دەلایل قاتل یا دزم
کەچی پەروەندە زیندو کردنەوە ... لە پاش هەزار سوێندی بە درۆکەوتنەوە
بۆ وەی لێو نەگرێ خودا غەزەب زوو ... زەلیلو نەکا لە دەستی باشو
کە بێنە حەجێ ئازادو دەکەم ... هەردووکتان دەبەخشم ڕوحمو پێدەکەم
فەرمایشات وتیان زۆر جوانە ... حازرین بێین بۆ حەج لەگەڵ ئەوانە
ئەعتاو بەخشینی ئەتۆ تەواوە ... ترسی عەزابی خودامان ماوە
وتی: زامنم لە بۆ ڕۆژی مەحشەر ... بۆ خۆم دەتانبەم بۆ لای پێغەمبەر
دەڵێم: ئەم دووانە مەنسوبی منە ... وجودی ئەمن بۆ وان زامنە
ئەمجار خۆ ئیدی قسەو نەماوە ... فەرمون تەشریفو سوار بن لە دواوە
کۆترەکان سوار بوون لە دوای کەووە ... دەگریان بە جوت و هەر دووکیان پێکەوە
ئەمجار مام ڕێوی بەم کوڵ و بارە ... کەوتە خەیاڵ و غەم و پەژارە
وتی: دەبێ من کارێکی وا بکەم ... ئەکشەوت و کونێك بۆ وان پەیدا کەم
وتی: براکانم ئەوە شەو داهات ... ڕۆیینمان پێ ناکرێ ناگەینە ئاوات
وەرن بۆ ئەم شەو جێیەك دەزانم ... هێلانەی خۆم بووەو جێگای شەوانم
با بچین بخەوین سەرم دەکا ئێش ... بۆ خوا موتیع و عەبدو نۆکەرین
تێکڕای وە پێشدان، بۆ نێو ئەشکەوت ... بردنیە لای ژورێ و لە دەرا خەوت
لە نیوە شەودا کەڵەبابە سور ... بە عادەتی خۆی خوێندی قورەقور

Dr.Saleh Ebrahimi


ڕێوی کە لە خودای دەویست ئەوە    بیانویەک هەڵکەوێ بەو نیوەشەوە
هاتە جواب وتی: نادان بێسەواد    گوم بە داوێن و ئاتەگی کەوات
بۆ بێ دەنگ نابی قاتڵی گەندو گو    بەم قۆرە قۆرە مێشکی سەرم چو
نازانی شەڕە بانگی نیوە شەو    دوو هەزار هەتیو هەڵدەستێ لە خەو
شەرع نەزانی بێ ئەقڵی نەفام    وێژدان مەحکومت دەکا بە ئیعدام
کە دای پەلامار گرتی گەردەنی    بوو بە قابز و پەیکی مردنی
حاجی بێ ئیمان بەم شکل و وێنە    بە عومری مەلا دوایی پێ هێنا
لە پاشی ئیعدام و هەراو چەقە چەق    لەگ لەگیش دەستی کرد بە تەقە تەق
کە حاجی زانی ئیعتیباری چوو    رۆژ مەعلوم بکا هەڵدەفڕن هەموو
تووڕە بوو وتی: درێژی زەلام    بۆ چۆکت دەگێم پێت واکەرو گام
نازانی ئەم تەقە تەقە    چەن لە بۆ ئیسلام مەکرو هۆ رەقە
مەخسوسەن خەڵک لە بۆ ئەم هاوینە    لەبەر چەتەو دز یەکجار زەنینە
ناترسی لە دێ هەڵ بسێ هاوار    بێن دەس‌گیرمان بکەن لە ئەشکەوت وغار
چۆن تۆ دەتەوێ بم دەی بە گرتن    بمدەی بە دوژمن بۆ ئیعدام کردن
خاینی بێ شەرەفی بێ ئەقڵی نەزان    ئەلعان مەحکومی بە مەرگ و نەمان
فەوری پێیدا هات لە هەڵۆ گشت تر    کەوڵی کرد لەگ لەگ‌و کردی بە وشتر
لە پاش خواردنی لەگ لەگی برا    کەویش کردی قاسپە قاسپ بە هەرا
کە ڕێوی بیستی قاسپە قاسپی کەو    بۆ بیانو گرتن راپەڕی لە خەو
وتی: زۆڵە کەوی قرتی بێ شەرم    بۆ بوکم بۆ دێ بەزمت کرد گەرم
تۆ تەوهینت کرد بە ماڵی مەککە    ناکا بێیە حەج خودا عەفوت کا
حیزباب قاسپ و هۆڕ لەم کونە بەردە    پێت وایە بەندەن و رەوەزو زەردە
ئەوە مەعلوم بوو بێ ئابڕوی لوتی    هەزار حەجیش بکەی تۆ وەکو خۆتی
چون هەرزەو سوکی بەسەری بابم    مەحکومی ئەلعان ببیە کەبابم
کەتاوی دایێ سینگی کەوی گرت    بە دەم ڕێوی‌یەوە گیانی دەرچوو مرد
لە پاش خواردنی کەوی خاکسار    پەپو سولەیمانەکەش خوێندی دو سێجار
هەر ئەوەندە بیستی ببو ببوی پەپو    لەویش تووڕە بوو لێی راستەوە بوو
تووڕە بوو وتی: من بێ حەقو مزد    بۆیێم هەڵگریت باوک چەتەو دز
کە تۆبەی بکەی لە شوێنی بابت    نەک بچیەوە سەر خوو رەوشتی بابت

Dr.Saleh Ebrahimi



بابە سەگەکەت لە پێش تۆپینی    گوی سەگ بە گۆڕو مەزهەب و دینی
لە بارەگای رەسولی خودا    یەعنی: سولەیمان رۆحم بێ فیدا
نەترسا لەبەر ئەم تاجەی دزی    کە ئاخر تۆپی لەگەڵدا رزی
ئەلعان ئەم تاجە تۆ ناوتە لەسەر    بە قانونی من و شەرعی پێغەمبەر
چون ئەلعان لە تۆ ئاشکرا بووە    باوکت دزیویەو ئەویش مردووە
بەجێگای باوکت ئیعدامت دەکەم    بەم مەککەی دەچم روحمت پێ ناکەم
کە تاوی دایێ سەری پەپوی گرت    جەرگ و ریخۆڵەی بە گۆڕێ وەرگرت
ئەمجار تەمام رێوی بە کەیفێ تەواو    بە خۆی گوت حاجی ئاوا دەبێ راو
ئەمجار کۆترەکان بە هەوای جاران    بەگمەو ناڵە فرمێسکیان باران
رێوی رووی کردە دوو کۆتری فەقیر    وتی: پێم وابوو پێکاون بە تیر
بۆ بابو مردووە بۆی دەگێڕن شین    مەلعونی مورتەد فاسقی بێ دین
بۆ ناڵێن بە من چیو لێقەوماوە    کامەتان باکوو مردووەو نەماوە
وتیان: عەرزو کەین ئەتۆ تەواوی    دوقەلمان دۆستە لەگەڵ مراوی
کە ئیجازە بدەی بەوە کە بڵێی بڕۆ    من بارمتە بم لە خزمەت ئەتۆ
ئەلعان هەرسێکیان دێنێتە حوزور    لە سایەی لوتفت کارمان دەبێ جور
حاجی پێکەنی کەشیدەی دانا    وتی: زۆر چاکە فێلێکی جوانە
ئیجازە ئەدەم پێی بڵێ: بڕۆ    هەرسێکیان بێنێ بۆ لای نیوەڕۆ
نێرە بە دزیەوە وتی: بە میوە    هەستە بگەرێ لەم شاخ و کێوە
زانی تاجی و تولە بە رێوی فێرە    دەبێ بە هەر جۆر بیهێنیە ئێرە
کە مێوە فڕی دەرچو لە تەڵە    راوچییەکی دی دوو تاجی و توڵە
کۆتر وتی: دەبێ مەکرێ دەرێنم    تاجی و توڵە هەر سێک بکەونە شوێنم
دەستی کرد بە لاق و بە باڵ هەڵاتن    هەر سێکیان بە غار بە دویدا هاتن
بەو جۆرە بردی سێ توڵەو تاجی    تا درگای ئەشکەوت بانگی کرد حاجی
وەرە رەفیقم هەر سێک لەگەڵە    نازانم بۆ بوون بەتاجی و توڵە
وتی: براگیان مەیان هێنە پێش    گلاومان دەکەن دەمان بەن لە نوێژ
وتی: ئەوەتا وات دەکەن عەرز    بۆ پێت پێ‌دەڵێم بۆتە فەرز
دەڵێن: دێتە دەر یا بێینە ژورێ    یا توڵە دەنێرین دەبێ ببورێ
وتی: ناکرێ دوورکەون کەمێ    رازی بن بەوەی نوشتەیان دەمێ

Dr.Saleh Ebrahimi



کۆتر عەرزی کرد کە نەڵێی وەرن          یەکسەر دێنە ژور هەر سێکیان کەرن
کەزانی رێوی چاری ناچارە          کەشیدەی ئیدی بێ ئیعتیبارە
دەس بەردار نابن دەکەونە شوێنی          بۆ وەی نەی‌کوژن و نەڕێژن خوێنی
بەرەو خوار هەڵات وەندەیی پێ نەچو          گێڕایانەوەو رێوی دەر نەچو
رێوی بە خۆی وت: پیسم لێقەوما          رێگای خەلاسی و نەجاتم نەما
زۆرم حیللە کرد تا بگەم بە مراد          لە رێگای حیللە ئاوام بەسەر هات
کە تاجی لێیداو تولە گەیە سەر          جەرگ و ریخۆڵەی رێویان هێنا دەر
فریا نەکەوت بڵێ: ئەشهەدو          بە بێ ئیمانی وەفاتی فەرمو
تەواوی حاجی ئەمڕۆکە ئاوا          حەجیان بۆ فێڵ و کەڵەک و داوە
تای قەند بە قەرز بە پێنسەت تمەن          زۆر سەیرە حاجی ئیمانیش بەبەن
چۆن قەند سێ‌سەت تمەن دوو رۆژی پێ بچێ          قەسەم بە خودا نەچویە حەجێ
تۆ بڵێی وەک رێوی عاقیبەت خودا          بە حیللەی حاجیان دوایی پێ نەدا

۱- دارشمشار کەشمشاڵی کوردی لێ ساز دەکەن.

۳ـ لەوە دەچی ئەم شیعرانە فولکلۆریک بن و خاوەنەکەی نادیارو دەماو دەم هاتون و رووناک دڵ کاک: رەسول قەرە کەریمی خوێندبێتی و کەوتبێتە زاری کاک رەشاد. ئەویش داخوا چ حاجی‌یەک شتی لە نرخی رۆژ بە گرانتر پێ فرۆشتبێ، کەوا هێرشی بردۆتە سەر حاجی‌و قسەی کاڵو نەکولیوی بە زارا هاتووە. دەنا حاجی‌و مەلاو پیاوچاک لە کوردەواریدا زۆر بەڕێزن‌و موسوڵمانانی کورد بە چاوێ رێزەوە بۆیان دەنوارن (شەپۆل).

زمرگ ثانیه‌ها چشم روزگار گریست
درخت مرد و به بالین او بهار گریست
به زیر سایه گستردهٔ درخت غروب
عقاب زخمی خورشید در غبار گریست
ستاره‌ها همه خاموش در کرانه شب
به انتهای افق ماه درحصار گریست
به بام دهکدهٔ صبح کوس شب کوبند
به پشت قلهٔ ظلمت سپیده زار گریست
جوانه‌ها همه مردند بی‌ترانهٔ آب
به باغ زرد خزان ابر بی‌قرار گریست
طنین نعرهٔ تاریخ در گلوی قرون
به گور سرد زمان روح انتظار گریست
ز شیب درهٔ شب آفتاب زد فریاد
زمین ز گردش خود خسته درمدار گریست

Dr.Saleh Ebrahimi



# چریکەی سەیدەوان

توێژینەوەیەکی مێژوی لەسەر ئەم چریکە:(سەیدەوان) یەکێکە لەکورتە چریکەکانی تراژیدی کورد، چرگەر گەورەترین تراژیدی پێکهێناوە، بە شێوەیەکی یەکجار شاعیرانە و بەرز هۆنیوەتەوە، لەم چریکەدا هەموو ئەم شتانەی کە تراژیدیێک ئەیخولقێنن هاتونەکایەوە، وەک مردن، مردنی لاو، لاوی تازە زاوا،خۆشەویستی باوک و کوڕ، باوکێی پیر کەکوڕی لاوی تازە زاوای ئەمرێ و ...

ئەم چریکە جوانە بەداخەوە هەتا ئێستا لە لایەن رۆژهەلاتناس و کوردناسەکانەوە سەرنجێکی نەدراوەتێ و لە هیچ یەک لەکتێبی رۆژهەلاتناس و کوردناسەکاندا باسێکی لێوە نەکراوە، تەنیا جارێک ئەم چریکە بە فارسی وەرگێردراوەکە بەڕێزان کاک محەمەدی قازی و حەسەنی سەیفی قازی بەکورتی کردویانەتە فارسی و لە مانگنامەی «ئەرک» دا لە چاپ دراوە، بەلام ئەویش بێ ئەوەی بەراورد و توێژکاری لەسەر کرابێ.

نووسەر و توێژکارە کوردەکانی تریش هیچ کامیان تا ئێستا پەردەیان لەسەر دەردو خەفەتی میر عەبدولعەزیزە کۆرەی داسنی هەلنەداوتەوە، تەنانەت لەباری مێژوویشەوە ئەم چریکە بارێکی روناکی نیە لە شەرەفنامەی بدلیسی دا سەبارەت بە هۆزی داسنی شتێکی ئەوتۆ نەهاتووەکە پەردە لەسەر تاریکی لادا، ئەگەرچی لە سەرەتای شەرەفنامەدا نووسراوەکە لە فەسلی سێهەم بەندی نۆهەم دا باسی داسنی و داسنیان ئەکات، بەلام جێگای داخەکە هیچ یەک لە چاپەکانی فارسی و عەرەبی و کوردی ئەم کتێبە ئەم بەندەیان تێدا نیەو دیار نیەکە ئایا میرشەرفخان خۆی ئەم باسەی نەنوسیوە؟ یا لە نوسخە دەس نوسەکانی شەرەفنامەدا ون بووەو لە ناو چووە؟ بە هەر حال سەبارەت بە داسنی و داسنیان زانیارێکی زۆر لە دەسا نیە، ئەگەرچی بە پێی وتەی پرۆفیسۆر قەنات کوردیف واژەی داسنی سوواوی واژەی «تاسان»ی یەکە یەکێک لە هۆزە هەرە کۆنەکانی دنیایە.

داسنی یەکێک لەو هۆزانەیەکە ئایینی «ئیزەدی - یەزتی» یان هەیە، بەداخەوە تاقمێک لە نووسەرەکان بە هەلە «یەزیدی» و تەنانەت بە «شەیتان»پەرەستان ئەدەنە

Dr.Saleh Ebrahimi

قەڵەم، لەسەردەمی «سەفەویەکان»[1]دا لە ئێران «ئێزەدیەکان» هات و بڕەوێکی زۆریان هەبووە، زۆربەی عیلەوی یەکانی پازوکی کە ئەو دەم لە دەوروبەری بدلیس دائەژیان و ئێستا لە دەوروبەری تارانن، وە خێڵی گەورەی دونبەڵی کە ئێستا لە دەوروبەری تەوریز و ئازەربایجانی خوراوا بە تایبەت لە چورەس و خۆ نیشتە جێن و حوکومەتیان کردووە بە تایبەت شەهبازخان، هەروەها چەندین خێڵو عێلی تر لە ناوچەی موکریان و دەوروبەری گۆمی ورمێ و بەدەیان خێڵ لە هەرێمی بادینان و کوردستانی سەر بە تورکیەو عێراق و بەشی هەرەزۆری کوردەکانی ناوچەی مێرگ و ئالاگویز و تفلیس تێکرا ئایینی «یەزد - یەزتە»یان هەبووە، بەڵام بە چەشنێ کە مێژوو پێشانمان ئەدا سەفەویەکان زۆر بە توندی لەو خێڵانەیان داوە و کوشتارێکی زۆریان لێکردوون، بۆ وێنە سارم بەگ کە گلکۆو قەڵاکەی لە نزیک مەهابادە لە سەرۆکانی خێڵی داسنی بووە کە ناپیاوانە بە دەستی شاسمایلی سەفەوی شەهیدکراوەو هەروەک هەمیشە کورد، کوردی کوشتووەو ئەم شاخەی خێڵی داسنی کە لە موکریان بوون ئەبێ رچەو مەزهەبی «یەزەدیان» بووبێ، بەڵام جارێ جێگەی ئەوە نیە کە بە درێژی باسی ئایینی یەزەدیەکان بکەن کە داسنیەکانیش هەر لەسەر ئەم ئایینە بوون.پەیرەوانی شێخ هادی (عەدی هەکاری) کوڕی موسافیرن، بە چەشنێ کە مێژوونووسی کوردی عەرەبی نوس «ابن الاثیر جزیری» لە جەلدی (۱۱) کتێبی (الکامل) مێژووی گەورەی ئیسلام و ئێران «لاپەڕەی (۱۰۸) دا ئەنووسێ شێخ هادی لەساڵی ۵۵۷ی کۆچی مانگی لە مانگی محەرەم دا لە ئەیالەتی حەکاری لە دنیا دەرچووە.عەبدورەزاق حوسینی لە کتێبی «الیزیدیە» دا ئەنووسێ کە شێخ هادی لە تەمەنی ۹۰ ساڵی دا دنیای بەجێ هێشتووە، کەوابێ ئەبێ شێخ هادی لە ساڵی ۴۶۷ی کۆچی مانگی لە دایک بووبێ، ئەم شێخ هادی‌یە سەرۆکی ئایینی «یەزدە»کان بووە کە داسنیەکانیش لەسەر ئەم رچەو ئایینەن، مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی مێژووزانی کورد لە داوێنی شەرەفنامە عەرەبیەکەیدا سەبارەت بە خێڵی داسنی ئەنوسێ:

هۆزی داسنی: یەزیدی بەر فەرمانی پێشەوا ئایینیەکانیان بوون، هەوەڵیان شێخ

---

۱- بە پێی کتێبی شێخ سەفی و تەبارەش نووسراوی ئەحمەدی کیسرەوی پەڕەی ۴۸ چاپی ۲۵۳۵ یان ۱۳۵۵ هەتاوی و کتێبی صفوت التاریخ و حرکت تاریخی کرد بە خوراسان، پەڕەی ۳۵ چاپی ۱۳۶۴ بەرگی ۱ نووسراوی تەوەحودی کانیمال و ... سەفەوی‌یەکان کورد بون و سونی و لە ژەنگاردا (سنجار)ی کوردستانەوە هاتونەتە ئێران - شەپۆل.

Dr.Saleh Ebrahimi


عەدی یەوە دوای ئەو شێخ حەسەنی کوڕیەتی کە بەدرەدین لولوی خاوەنی موسڵ لێی ترساوە و گرتویە و لە قەڵای موسڵ دا بەژێ کەوان خنکاندویەتی.لە رۆژگاری تەیمورە شەلەدا میرعێزەدینی بۆتانی هێرشی بۆ بردون و لە زەمانی سوڵتان قانسوغوری چەرکەسی دا پەلاماری داون، شێخ عێزەدین سەرەڕای یەزیدیەکان خێو میری کوردەکانی نێوان حەڵەب:(حەمارەش) بووە کە لە زەمانی سوڵتان سەلیمی عوسمانلی لەسەر کار لابراوە، دوای ئەمەکە سوڵتان سولەیمانی قانونی بەگزیکاری عیززەدین شێری میری هەولێری لە ناوبردو حوسێن بەگی داسنی لەسەر هەولێر داناوەو میرسەیفەدینی برای عیززەدین بەگژی دا چووەو دەری پەڕاندووەو خۆی کوتاوەتە ئاستانەو تورکانی وەسمانی خنکاندویانە، لە دوای ئەمە یەزیدی هاتونەتە هەولێرو میر قول بەرەنگاریان بووەو کوشتارێکی زۆر لە هەر دوو لاکراوە، ئیتر تا زەمانی میری رەواندز باسی داسنی نیە.

لە ساڵی ١٨٩٠ی زایینی دا شەرێکی قورس وگران لە نێوان یەزەدیەکوردەکان و دەوڵەتی وەسمانی دا روی داوە کە بۆتە هۆی کوشتاری کوردە هەزارەکانی داسنی و ناوی سەرۆکی عێل و شەرکەری داسنی ئەم شەڕانە نەزانراوە!

لە هیچ یەک لە مێژووەکانی فارسی و کوردی دا نیوی سەرۆکیت عێل و عەشیرەتی داسنی بە «عەزیزیا ئازیز» نەهاتووە، بەڵام لە ساڵی ١٨٣١ی زایینی لە دەورانی حکومەتی پاشاکۆرەی رەواندزی سەرۆکی خێڵی داسنی نیوی میرعەلی بووەکە شەڕێیک بێ ئەمان لە نێوان ئەو دوو میرە کوردەدا روی داوە، ماموستا «تاهیر ئەحمەد حوەیزی» لە کتێبی مێژووی کۆیە، لاپەڕەی ٩٦دالەمبارەوە ئەنووسی!

عەلی بەگی کوڕی حەسەن بەگی کوڕی جولوبەگ لە ساڵی ١٢٤٧ی کۆچی مانگیدا بە پەیمان خۆی و ماڵ و منداڵی بە دەستەوە دا، بەڵام میر محەمەد لە ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی خنکاندی.

مێژوونووسی بەناوبانگ حوسین حوزنی موکریانی لە لاپەڕەی ٦٦ی مێژووی میرانی سۆران دا ئەنووسی:

ژنی عەلی بەگی داسنی کەلێن دەگرێ و کۆمەڵێکی زۆر داسنی خڕ دەکاتەوە، ئەچێتە سەر قەڵای ژەنگارو شەڕێکی قورس لە نێوانیاندا ئەقەومێ.

مێژووی میرانی سۆران لە زۆر جێدا باسی شەڕو هەڵای میری سۆران و

Dr.Saleh Ebrahimi


داسنیەکان ئەکاو تەنانەت پەردە لە سەر ئەمە هەڵدەگرێت کە میری سۆران نزیکەی ٥٠٠ ژن و کچی داسنی بە ئاغاوەت و سەرۆک عێلەکانی کورد ئەبەخشێ، رەنگ بێ چرگەرانی کورد ئەم «میر عەلی بەگ»ەیان گۆڕی بێ بە میر عەزیز یا میر عەلی بەگیان بە میر عەزیز ناو بردبێ، بەڵام لێرەدا ئەبێ دیاردە بۆ بیروڕای کاک «رەسو شیرموخ»ی چرگەریش بکەین کە ئەڵێ عەزیز بەگی داسنی نەوەی عەلی بەگ بووە، بەڵام لە رووی مێژوویەوە ئەمە شتێکی روون نیەو ئاخرین زانیاری مێژووی کە سەبارەت بە داسنیەکان لە دەسایە شەڕی ئەم عێلەیە لەگەڵ کار بە دەستانی عێراق لە ساڵی ١٩٣٥ی زایینی داکە لەم شەڕەدا داسنیەکان زۆر شپرزە ئەبن و نەفەراتێکی زۆریان لێ ئەکوژرێ، بەڵام با ئیتر واز لە باری مێژووی داسنبی بێنین و بێینە سەر دۆخی چریکەوت تویژکاری ئەم چریکەی سەیدەوانە.

ئەم چریکە کە بە «سەیدەوان» ناوداره باسی تراژیدی ژن هێنانی میر عـەزیز داسنی یە بۆ سێ کوڕی خۆی بە نێوی نەچیرەوان و مەلکەوان و سەیدەوان، پێم‌وایە ئەبێ سەیدەوان بە «ص» بێ نەک بە «س»ین، چونکە وەک مێژوو پێشانمان ئەدا ئەم خێڵەی داسنی یە لە کۆنەوە هەر پەیرەوییان لە ئایینێکی کۆن و نهێنی کردووە کە سەبارەت بە باری ئایینی ئەوان زانیاریکی گرنگ لە دەستا نییە، بەڵام رەنگ بـێ ئاینی داسنی شێوەیەکی گۆڕاو لە ئایینی زەردەشت بێ و وشەی سـەیید کـە بـە زارۆکانی عەلی کوڕی ئەبوتالیب ئەگوترێ هیچ ناگونجێ خۆی کوتا بـێتە نـاو داسنیەکانەوە، بەڵکو دەبێ هەر پیتی «ص» دروست بـێ کـە لە «صـێدوصیّاد»ی عەرەبیەوە دێ و بە مانای راوو راوکەرە، لەم بەیتەدا باسی شارو جێگایەکی واش ناکرێ کە لە باری مێژوویەوە زانیارێک بداتە دەست. تەنیا باسی چیایەک بە نێوی چیای «مەقلوبی داسنیان» ئەکاکە بە پێی کتێبی شەرەفنامە چاپی کۆڕی زانیاری وەرگێراوی مام هەژار موکریانی «لاپەڕە ٢١» چیای مەقلوب چیایەکی سەرکەشەو جێگای هۆزی دونبەلی بووە، وەک ئەزانین دونبەلیش هـەر (یـەزەدی) بـوون و تەنانەت رەنگە بەشێک لە عێلی داسنی بن، هەر وا لە کتێبی «مـعجم البـلدان» دا هاتووە کە لە باکوری موسڵ لە لای خۆرنشینی دەجلەوە چیایەکی گەورە هەیە کە کوردی تێدا نیشتەجێ‌یەو بـە داسـنی ئـەناسرێن، ئـەمڕۆ بـەو داسـنیانە ئـەڵێن (یەزیدی). وەک مێژووی جوغرافی نیشان ئەدا، وە بۆمان دەرئەکەوێ ئەم چیایە چیای ژەنگارە یا شەنگارە کە ئێستا پێی ئەڵێن چیای سنجار بە هۆی زەبرو زەنگی

Dr.Saleh Ebrahimi


کوردەکانی غەیری داسنی و گەلانی تری هاوسایان زۆربەی داسنیەکان پەرەوازە بوون و تەنانەت زۆریشیان لە سەدەکانی (۱۹ـ۱۸) دا هاتونە سەر دینی ئیسلام کە لە نێوان ئەواندا هۆزی پازوکی و دونبەلی زۆربەیان بوونە شیعەو هیندێکی تریان بوونە سونی، بەڵام ئەوەی کە نەگۆڕاوە ماهیەتی داستانەکەی سەیدەوانەکە ئەویش رەنگە رەمزێکی نهێنی بێ سەبارەت بە زوڵم و زۆرێ کەوا لە لایەن موسڵمانەکانەوە لەم هۆزەکوردە بێ دەرەقانەکراوەو چریکەو داستانی ژن هێنان و پەردەگیری لاوی ئازای داسنی، بێگومان رۆژێک ئەبێ کە مێژوو پەردە لەسەر ئەم راستەقینەیە هەڵ داتەوەو روون بێتە کە کێهە نەتەوەو لەچ دەورانێک دا زوڵمێکی وا زل و زۆریان لە داسنی کردووە کە تەنانەت نەیانوێراوە راستەقینەیەکی مێژوویش بێ پەردە بدرکێنن و مەجبور بوون تارای سوری بەسەر دا بدەن و میر عەزیز یا میر عەلی هەر نیوێکی تری بوو بێ، لە شەڕێکا سێ کوڕی لاوی کوژراوە، کوشتنیان خراوەتە سەر ئەستۆی بوکێکی لە خۆیان بێ تاوانتر، ئاخو کێهە لە شای مل هوڕی سەفەوی کە بە درێژایی سەلتەنەتیان هەر دژی کورد بوون بە هەموو ئایین و رچەیەکەوە یا کێهە میرو دەرەبەگی کورد و دژی کورد پەت پەتێنی بە داسنی هەژار کردووە؟ یا کاری کێهە سوڵتانە خوێری و خوێنمژەکانی عوسمانلی تورک بووە؟

سەیدەوان

بەهارە، چ بەهارێکە لە من بە غرورە
ئەمن دەچوومەوە سەر قەبری کاکە سەیدەوانی، لەوێم
شین دەبو شەش پەرە شلێرە
گەزیزە و بەیبون و گوڵە نەورۆزە
سەد ماشەڵڵا دەڵێی گلۆپێکی دەسورە
شەرت بێ ئەمن لە پاش کاکە سەیدەوانی لە خۆم نابەستم تفەنگی دە شەش خانە، روونـاکـەمەوە دە چیایی مەغلوبێ داسنیان و ناکەمەوە راوی نێری‌یە بەلەکورە.
بەهارێک لە من دادێ عەزیزەکەی لە دنیایم بەهارە
فەسلێکە (کژێکە) گیا دەگرێتەوە ژەنگی
خۆم دەچوومەوە سەر قەبری کاکە سەیدەوانی

Dr.Saleh Ebrahimi


لە بابی خۆی زیز بووە ناکاتەوە دەنگێ
خۆ ئەمن لە پاش سەیدەوانی
لە خۆم حەرام دەکەم راوی دەکێوان و جیا دەبمەوە لە راوی بە تفەنگی
بەهارێک لە من دادێ، چ بەهارێک لە من بە بەفرو بەبارانە
خۆ ئەمن دەچوومەوە سەر قەبری دەکاکە سەیدەوانێ
لە من شین دەبووە شەش پەرە شللێرە
گەزیزە و گوڵە نەورۆزە و گوڵی خێو دانەبە دانە
شەرت بێ ئەمن لە پاش کاکە سەیدەوانێ
لە خۆم نابەستم تفەنگی دە شەش خانە
روناکەمەوە لە چیایێ مەغلوبی داسنیانە
ناکەمەوە راوی بەرانە کێویانە
بەهارێک لە من دادێ عەزیزەکەی من لە دنیایم هەر
بەهارە چ بەهارێکە لە من بە ئاڵۆزە؟
خۆ ئەمن دەچومەوە سەر قەبری کاکە (سەیدەوانێ)
لەوێم شین دەبوو شەش پەرە شللێرە
گەزیزە و گوڵە نەورۆزە
شەرت بێ لە پاش کاکە سەیدەوانێ
لە خۆم نەبەستم تفەنگی شەش خانێ
ناکەمەوە رو دە چیایێ مەغلوبی داسنیان
ناکەمەوە راوی نێری یە بەلەبۆزە
بەهارێک لە من دادێ عەزیزەکەی لە دنیاییم
فەسلێکە دەوڵەمەندان دەچوونەوە کوێستانێ
خۆ ئەم بۆت هەڵدەڵێم بە دەزگیرانی (مەلکەوانێ)
سەری هەڵنایە لەبەر خرینگەی شەدە لێ دانێ
بەهارێک لەم دادێ عەزیزەکەی لە دنیاییم بەهارە
چ بەهارێکە لە من شین دەبێ گوڵە نەورۆزە
یا رەببی خودایە نەکەی و نەسەلمێنی
کەسانێک نەبون بڵێن عەبدولعەزیزی داسنی

Dr.Saleh Ebrahimi


دەستی تفەنگێت ورد بێ

چاوی جاسوسێت کوێر بێ

کوانێ سورت لە ئانیشکی بێ

قامقکی پەلان پیتکێت ویشکبن بێ

ئەوە کاکوڵی کاکە سەیدەوانێ دە چیایێ سیپانێ دا با

رایدەژینێ (مەلکەوانم) مرد دەنگم نەکرد

(نەچیرەوانم) مرد دەنگم نەکرد

(سەیدەوانم) بە دەستی خۆم کوشت، ماڵە خۆم بە دەستی خۆم وێران کرد

(سەیدەوانم) رۆ

(مەلکەوانم) رۆ

(نەچیرەوانم) رۆ

گەورەی هەزار و پێنسەد ماڵە داسنیان (سەیدەوانم) رۆ

تا ئەورۆژەی خودای مەزن ئەکاتەوە دیوانێ هەر دەڵێم:

سەیدەوانم رۆ

مەلکەوانم رۆ

نەچیرەوانم رۆ

بەهارێک لە من دادێ عەزیزەکەی لە دنیاییم

بەهارەو بەهارێکە لە من چەند لە بەهاران دوورە

کێ دیویەتی لە جیهان لە چ دەورو زەمانە

وەک هەروا بەرو سورە بگەرێتەوە ماڵە باوانە

بەهارێک لە من دادێ عەزیزەکەی لە دنیاییم

بەهارە و چ بەهارێکە؟

لە من چەندگرانە؟

عەبدولعەزیزی داسنی بانگ دەکاتەوە دەزگیرانی

(مەلکەوانی) رۆڵە وەرە مەرەخەسێک لە مامی خۆ بخوازە

روبکەوە ماڵێ دەبابانە

دەزگیرانی (مەلکەوانێ) بانگ دەکا، مامە هەڵکێشە

خەنجەرێکی دەدەبانە بیست و چوار جاران بگێرەوە

Dr.Saleh Ebrahimi



دە جەرگ و دڵانە

ئەمن لەسەر (مەلکەوانێ)، (سەیدەوانێ)و (نەچیرەوانێ)

رابە چ روێکی رو بکەمەوە ماڵە باوانە

بەهارێک لە من دادێ عەزیزەکەی لە دنیاییم

چ بەهارێکی بە نەگبەتە

دەچومەوە سەرجەنازەی سەیدەوانێ

هەر دەخوێنی خۆیدا دەگەوزێ

ئەمن لەو بەیتە ٥ تێکستم لە دەست دایە کە ئەوا تێکستی کە محەمەدی غەزالی مەشهور بە «حەمەی بەیتان»ە بۆتانی ئەگێڕمەوە، دەبێ ئەوەش بڵێم کە کاک حەمەی بەیتان تەمەنی نزیکەی ٥٠ ساڵەو جوتیارو نەخوێنەوارەو خەڵکی گوندی بیرەمی لە ناوچەی مەهابادە و ئەم بەیتە لە هاوینی ساڵی ١٣٥٢ دا لەسەر نەواری کاسێتت زەبت کراوە!

کۆواری گرشەی کوردستان ... وا لێرە لە چاپ دەدرێ.

یە کەم زمارەی گرشەی کوردستان لە سالی ١٩٨١ز لە تاران لەچاپ دراوەو لە کوردستان و لە شارەکانی ئێران بڵاو کراوەتەوە. شەپۆل



Dr.Saleh Ebrahimi



## سەرچاوە

## بۆ کرو کاشی ئەم کتێبە


١ - قورآنی کەریم.

٢ - دیتن و بیستنی خۆم لە سەردەمی فەقێ یەتی دا لە شارودێ.

٣ - ئێران لە رۆژگاری ساسانیاندا، کریستن سن تەرجەمەی دوکتور رەشید یاسەمی -
نوکتە: مویە بەنەقڵ لە پروفسور مار - لە (سەفەری دوەم ١٨١٢) دەنوسێ لەو رۆژگارەدا لە رۆژی ٣١ی مانگی ئوت: (ئاب: سونبولە، سوران: خەرمانان: شەهریوەر) دا هەمو ساڵێک لە دەماوەند جێژنێک بەشانازی ئازاد بونی ئێران لە دەس زوڵم و زۆری (ضحاک) بە ناوی **جێژنی کوردی** دەگیردرا - بروانە کورد و کوردستان واسیلی نیکتین پەرەی ٦٥ تەرجەمەی محەمەد قازی چاپی ١٣٦٦ بلاۆکی نیلوفەر لە تاران (شەپۆل).

٤ - ملوك الارض و الانبیا - حمزه اصفهانی.

٥ - ئێرانی باستان مشیرالدوله پیرنیا.

٦ - چەن و تار لە ژمارە ٣ و ١٠ ساڵی یەکەمی گۆواری - یادگار لە بابەت میری نەورۆزی یەوە.

٧ - بەهاری کوردی نوسراوی زانای بەرێز: دوکتور عوبەید یلای ئەیوبیان لە گوواری وەحید ژمارە ٣ ساڵی دوەم ١٣٤٣ هەتاوی.

٨ - بۆکوردستان مام هەژار شاعیری گەورە و گرانی کورد.

٩ - دیوانی پیرە مێردی نەمر.

١٠ - سەرەتای میهرو وەفا زانای بەرێز: کاك قادری فەتاحی قازی ئوستادی زانکۆی تەورێز.

١١ - میرمیرێن یا جەژنی ئەمیر بەهاری لە مەهاباد دوکتور عوبەیدیلا ئەیوبیان.

١٢ - رۆژنامە و گۆڤارە کوردی یەکان.

١٣ - نەورۆز لە کوردستان زانای بەرێز: مستەفا کەیوان.

١٤ - نەورۆز بەلاۆکی وەزارتی ئیتیلاعات.

١٥ - نەورۆزنامەی حەکیم عومەری خەیام.

Dr.Saleh Ebrahimi



١٦ - مه‌قاله‌و و تاریٚ که له ڕۆژنامه‌و گۆڤاره فارسی یه‌کان‌دا له بابه‌ت نه‌ورۆز و کوڵه چارشه‌مه و سیانزه به ده‌را، نوسراوه.

١٧ - نه‌سه‌ب نامه‌ی خوله‌فا و شهریاران زامباور، وه‌رگه را وه‌ی دوکتور مه‌شکور.

١٨ - شیٚخی صه‌نعان فه‌قیٚ ته‌یران مۆسکۆ.

١٩ - ته‌قویم البلدان ئه‌بولفیدای ئه‌ییوبی.

٢٠ - مروج الذهب.

٢١ - کلیات شیٚخ سعدی شیرازی.

٢٢ - معجم البلدان.

٢٣ - افسانه‌های کوردی وه‌رگه‌راوه‌ی که‌ریم که‌شاوه‌رز، بۆ فارسی، که زۆربه‌ی چریکه‌و چیرۆکه کان، وه‌رگه‌راوه‌و وه‌رگیراوه‌ی ئه‌مه‌ن.

٢٤ - سه‌ره‌تای دیوانی مه‌م و زین دوکتور عوبه‌یدیلا ئه‌یوبیان.

٢٥ - شیخی سه‌نعان به‌ریٚز: کاک قادر فه‌تاحی قازی ئوستادی زانکوی ته‌وریٚز.

٢٦ - نه‌و رۆژنامه (محمد عبدالرّحمن) زه‌نگه به‌غدا چاپی ١٩٨٥ز - ده‌بیٚ بزانین له نه‌و رۆژنامه‌ی زه‌نگه‌نه‌دا زیاتر له ٧٥ شاعیری وه‌ك عارفی ره‌بانی مه‌لای جزیری، حه‌کیم ئه‌حمه‌د خانی ناو براوه که شیعریان بۆ نه‌و رۆژ وتوه.

٢٧ - نه‌ورۆز و بنیانِ نجومی آن یحیٰ ذکا.

٢٨ - نامه‌و تیٚکستیٚك که دۆستان بۆیان ناردوم.

٢٩ - جه ژنه کانی باستانی ئیٚران.

٣٠ - وتاریٚ که له گۆڤاری هونه‌رو مه‌ردوم له بابه‌ت میٚژوی میٚژینه‌ی نه‌ورۆزه‌وه له چاپ دراوه.

٣١ - فه‌رهه‌نگی عامیانه.

٣٢ - وتاری دوکتور یارشاتر.

٣٣ - تاریخی ریشه‌ی نیژادی کورد ژه‌نرال ئیحسان نوری پاشا چاپی ساڵی ٢٥٦٧ کوردی و ١٣٣٣ هه‌تاوی چاپخانه‌ی سپهر.

٣٤ - نه‌خشی قاره‌مانیٚ شه‌رق (سلطان سه‌لاحه‌دین ئه‌یوبی) له پیٚشگای تاریخ‌دا به‌ریٚز: دوکتور عوبه‌یدیلا ئه‌یوبیان.

Dr.Saleh Ebrahimi



۳۵- وتاری زانای بەرێز: کاک قادر فەتاحی قازی لە گوواری زانکۆی تەورێز لە بابەت زاراوەی آشەوە.

۳۶- گۆڤاری گرشەی کوردستان

نوکتە: ناوەروکی: (بەهەشتی کوردەواری) لە کاتی خوێدا لە سەر رادیوکانی ناوەندی کرماشان، سنە/مەهاباد و ورمێ بە کوردی بە وێنەی و تار بلاّوکراوەتەوە، لە ورمێ کاک سەید ئەحمەد تاهیری و تارەکانی لە سۆرانی یەوە ئەبردە سەر زاراوەی کورمانجی بادینانی بلاّوی ئەکردنەوە. دەبێ بزانین ئەو تارانە، بە ناوی باوی کۆمەلاّیەتی یا باوی کوردەواری بەوێنەی تێکست لە تارانەوە بەرێ دەکرا بۆ رادیوی شارەکانی کوردنشین - دەبێ بزانین (قمری سنندجی) بە فارسی بە شیعر زۆری لە پەسەندی نەورۆزو بەهاردا هەلّ گوتووە.

۳۷- تێکستی رادیو ئێران.

۳۸- وتاری گۆڤاری هونەرو مەردوم لە بابەت آسیاوی آوی.

۳۹- مێژوی ماد، دیاکۆنۆف و وەرگەاوەی کەریم کەشاوەرز.

۴۰- دیوانی حافظ و دیوانە کوردی یەکان.

۴۱- گاەژماری لە ئێران دا.

۴۲- ناوی پەرەندەگان، دوکتور محەمەدی موکری.

۴۳- جوامع الحکایات سدیدالدین محمد عوفی بە خۆش کردنی دوکتور شیعار.

۴۴- تاریخ بناگیتی تالیف لە سەتەی هەشتەمدا.

Dr.Saleh Ebrahimi



۱ - باوی کورده‌واری

فه‌رهه‌نگلیله

| WAJE | RAWET |
|---|---|
| واژه | راوه‌ت : |
| ئه | ئامرازی گه‌یاندنی ئایه‌نده: (ئه‌خوٚم، ئه‌نوم) |
| ئاو | شتێکی تراوه، که ساز کراوه له ئوکسێژین و ئیدروٚژێن که هوٚی ژیانی گشت گیاندار و سه‌وزاییکه، توٚیی گیانداری نێروٚیه، نیشانه‌ی ئاوله شیمی‌دا H ۲ O وه به‌بیرو بڕوای زانایانی به‌رێ،ئاو یه کێکه له‌چار عونسورو موقا بیلی ئاگره،ئاو تراوٚیکه بێتام و بێبو |
| ئه‌نگێو | ده‌س راست - نیشانه پێکه‌ر |
| ئه‌نوا | بێ ئه‌نوا، هه‌ژار - ده‌س ته‌نگ - به ئه‌نوا: دارا |
| ئه‌مه گداری | به وه‌فایی |
| ئوٚغربێت | بوٚکوٚی -کێوه ئه‌چی - ئه‌روٚی بوٚکوێ |
| ئوٚشن | ئه‌ڵێن |
| ئه‌سپایی | له سه‌ره خوٚ، ئاهیسته |
| ئه‌سپی شێ | ئه‌سپی، ئه‌بڵه‌ق، چاره‌وێی، چوارپه‌ل و ناوچاوسپی |
| ئاگری کرده‌وه؛ | شوٚفاری کرد |
| ئانقه‌ست | به دانسته |
| ئابوری | ئیقتیسادی |
| ئاوه‌ڵ | هاواڵ، هاوکایه، ئاوڵ دوانه. |
| ئاوه‌سو | چه‌قه‌سو، لوس، سواو |
| ئاوانه | گرتنی حقی ئاو |
| ئاوری کرده‌وه؛ | ئاگری هه‌ڵکرد |
| ئه‌شق | ئه‌ویندار بون |

دایه بیرم دێت لای لایه‌ی شه‌وان
بۆ منت ئه‌کرد تا به‌ری به‌یان
به‌ڵکو بخه‌وم نه‌بێ ئازارم
زوو گه‌وره بکرێم بۆ نیشتمانم

ئێستا گه‌وره بووم فامم کرده‌وه
بیرم له ژینی کورد کردۆته‌وه
سوێند به‌و شیره‌ت بێت پێی گه‌وره کرام
سوێند به‌و خاکه بێت له سه‌ری ژیام
تا ئازاد نه‌بێ کورد و کوردستان
تا نه‌بێ به یه‌ک هه‌ر چوار پارچه‌مان
بۆ ئازادی کورد هه‌ر تێ ئه‌کۆشم
هه‌تا ئه‌و کاته‌ی گیانم ئه‌به‌خشم

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| ئەناهیدیا ناهید | ئەستێرەی زوهرە،ونوس: (رَبَّةُ النوع) یا ئەناهیتە: ناوی یەکێک لە خودایانی زەردەشتی‌یە،کەیەشتی پێنجەم واتا: آبان (وەران، یاخەزان) یەشت، بەناوی ئوەوەیە. خوای ئاوە و لەئاویستادا بە وێنەی کیژۆڵە یەکی زۆر خوشکیلانە و جوان و ناسک و تورت و لە بارو بالاّ بەرزوتە رزوتەشک و داوێن پاک و خاوێن ناسێندراوە. |
| ئالّ | جنوکەی زەیستان کوژ. |
| ئایین | دین، راژە |
| ئەسپارد | ئەرکایەتی، ئاگالێبون و بە دواچوندا، ئامانەتی. |
| ئەنجام | دوایی، ئاقیبەت، بەریوە بردنی کار و ئەنجام دان. |
| ئاونگ | شەونم |
| ئاسۆ | ئاسۆ، ئوفوق، بەزایی شاخ |
| ئاخچین | کیژی ئەرمەنی جوان، ناوی کچانەیە |
| ئەرک | پێویستی سەرشان، کاری لازم، وەزیفە، ئەسپاردە |
| ئەز | من، ئەگەر دیتیانم ئەزم ئەگەر نەیان دیم دزم (مەسەلە) |
| ئەستۆ | سوکر، مل، گەردن |
| ئەنزان | مرۆڤ، ئینسان |
| ئەزمون | تاقی کردنەوە، زمنای |
| ئەویندارى | دڵبون، دڵداری، بێداری، ئاشقی |
| ئەستێرە | ستێر، ستارە |
| ئەقڵی | ژیری، هۆشی، هۆش |
| ئەندێشە | بیر، هزر، فیکر |
| ئەدەڵێتە خواری؛ | خزینەخواریّ گۆزە یاکوزە کە ئاو ئەدەڵێنیّ یانی: نمە ئاوی لیّ دەچیّ.ئەرواتە خواریّ، لە ریشەی دەڵین ـ ە دەڵێن: دادان |
| ئاسک | مامز، کەژال، خەزاڵ، مامبز |



Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| ئاسکۆڵ | بێچوۆ ئاسک، کارمامبز |
| ئاوابون | بزربون، لە بەر چاولاچون، غروب |
| ئاوەژو | پشت و رو، ئەم دیوە و دیو، تیاچون، پێچەوانە |
| ئاسایی | مەعمولی |
| ئاژاڵ | پاتاڵ، وڵسات، گاوگۆڵ، مەرو مالاّت، پڕو پوش، جیلکە و چاڵ، ئاژگەڵ |
| ئامێتە | تێکەڵ، تێکلاّو، لێکدراو |
| ئاخەوتن | قسەکردن و تووێژ، پەیوین |
| ئەروانێ | تەماشادەکەی |
| ئارارات | هەراوراد، یانی کێوی بەخشەندە، بەخشەر، بە عەرەبی جبل الجودی یانی چیای بەخشەندە، ناوی کێوێکە لە کوردستان کە گەمی نوحی لەسەر راوەستاوە |
| ئایەت | نیشانە، ئایەتی قورئان |
| ئاگرێ | ئاگرێ، ئاکرێ: ئاور، ئاگر، کێوی ئاگر پژێن |
| ئەنگوت | هەلاّت، هاتەدەر، پشکوت |
| ئەستێر | گۆلاو، جێگای جەم بونی ئاوە. |
| ئەسپایی | لەسەرەخۆ، هێدی هێدی |
| ئول | دین، رێباز، مەزهەب، ئارۆ |
| ئەمەگ | بەوەفا، چاکە لە چاوابون، قەرەبوی چاکە کردن، رەنج و ئەرك و زەحمەت کێشان |
| ئەوین | ئەشق، ئەویندار بون |
| ئابلۆقە | دەورەدان، چوار دەورە گرتن |
| ئابوری | هۆی ژیان، بژیو، مایەی ژیان |
| ئاتاج | نەدار، دست کورت، هەژار، بێ ئەوا |
| ئاگر | ئاور، ئاتەش |
| ئازوخە | بژیوی پیداویست لە ماڵدا، تفاق کۆکردنەوەی پێ بژیو، بۆ رۆژی مەبادا. |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| ئەبو هوزەیل عەللاف | لە **۲۳۵** مانگی لە دایک بوە و لە **۸۵۰** زاینی مردوە، بیرە وەر و موتەکەلیمی موعتە زیلی بوە، نە فی‌سیفات لە خوا، ان اللّه یعلم ان علمه ذاته و لە فەلاسیفە شوێنی وەرگرتوە. |
| ئەشعەری | ئەبو حەسەن عەلی کوڕی ئیسماعیل ئەشعەری دژی موعتە زیلە و سەردەستەی ئەشعەریانە،کە بڕوای وایە ئوصولی دین: تـەوحید، مەعـاد، نـبوەتە، بـڕوای بەقەلب و دڵە **۲٦۰** لە دایک بوە و لە **۳۳۰** وەفاتی کروە وکتێبیّ زۆری لە پاش بە جیماوە: لومعە، موجەز، ئیزاح، بورهان، تەبینی ئوصولی دین، ئیبانە، شەرح و تەفصیل لەرەدی ئەهلی ئیفکدا |

**بیّ:**

| | |
|---|---|
| برەو | ڕەونەق ڕەواج،باو. |
| بەرۆژ | جێگەیەکە لەکێو زۆر لەبەر تاو دایە |
| بەندەن | چیا،کێو |
| بناغە | بنچینی خانو، خێم، هێم |
| بفە | ترس، مەترسی، خەتەر |
| بەل | جوانی قەد باریک، بڵیندتر لە دەور و بەری خۆی، مل بەرز، درێژ. |
| بێچولە | بەچکە منداڵ، زاروک،گەراتومی پەلەوەر. |
| باڵندە | باڵدار، پەلەوەر |
| بوکێنی | کچێنی،کیژانی بوک، بوکێنە،گاڵتەی منالاّن بەبو کەڵەی یستوک |
| بەر | میوە |
| بەرامە | بۆنی خۆش، بەرام |
| بوژانەوە | وەکەیف کەفتن لە پاش لەڕی وکەساسی، هێزگرتن،گەشانەوە |
| بۆڵە | قسەی پرۆو پوچ و نالەبار، پرتە پرتی ژنانە لە بەر خۆو بۆ خۆقسە کردن |
| بیرەخەو | ونەوز، خەوەنو چکە |
| بژار | گیای لە ناو زەڕ عاتدا |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| بنار | داوێنی کێو - |
| **بژارە** | بژارە کردنی ویژاوەری: نەقد ئەدەبی - |
| بنێشە | بنچینی خانو، خیم، هیم. |
| بێری دۆش | مەر دۆش، ژنێک کە پەزوبزن ئەدوشێ: |
| | شوان بە هەو هەو مەر بەقەتارە — پێشەنگی گرتوە ئەوشەدە لارە |
| بەمشور | بە ئاوەز، خودان ئەقڵ |
| بەربینگ | یەخە، پێش |
| بچرژێ | درزبەرێ |
| بەلێشاو | فراوان، زوروزەوەند |
| بلیمەت | زانا، پیتۆڵ، زۆرزان |
| بیراز کردن | بەچەکوش بەرداش ئەنجنین و کون و کون کردن، لێدان، تەمێ کردن (ئاش تا بیرازی نکەی ئارد ورد ناکات) |
| بەرسیلە | قۆرە - کاڵ - کرچ |
| بارستان | بیمارستان |
| بارۆ | ناوەو بەواتای: دیوار - حەسار - قەلایە |
| بۆینا | بیان دیبایێ |
| بەلەز | بە تاڵوکە، بە خێرایی |
| بخەملێم | قەڵەو بم، خەملین: قەڵەوبون |
| بەروبو | داهات، رەخسین |
| بەرەگە | پێشەکێ، سەر راو، بەربینگ |
| بازن | بازنە، بازو بەند |
| بژوێن | خۆش لەور، بە پیت و بەرەکەت، پرگژوگیا |
| بەقسەنەکردن | مل بادان |
| بەخ | بەرخ |

Dr.Saleh Ebrahimi

٦ ـ شه‌پۆل

| | |
|---|---|
| به‌رخه‌وان | شوانی برخ |
| به‌رده‌بێر | به‌ره‌بیر، که‌ڤرێ، بێری، به‌ردیا کۆته‌ره‌دارێک، وه‌کو صه‌نده‌لی، که‌شوان له سه‌ری دانیشێ و بێری دۆ شه‌کان، له‌و لاو له‌و لایه‌وه، دائه‌نیشن و په‌زو پۆڵه مێو شیرده ره‌کان به ته‌رتیب دێنێته به‌ر ده‌ستان و شوان سه‌ری ئه‌و مه‌رانه، ئه‌گرێ و بێری دۆشه‌کان ئه‌یان دوشن |
| به‌روش | مه‌نجه‌ڵ، قازان، قه‌ران |
| به‌رو دان | به‌رو ماک، تیکلاوبونی به‌رخومه‌ر (بێچوڵه‌و دایکه) به‌ره‌ماک: بیچوی له‌گه‌ڵ دایکه‌که به ئازادی شیر ده‌مژێ و دایکه نادوشرێ |
| بیری وان | که‌سێک که په‌زو پۆڵه ئه‌باته به‌ر مه‌ر دۆش و بێری: ناوی کچانه‌یه |
| بوکڵه | بوک، بوکی مندالان |
| به‌رماڵی | ژنی خانه‌دار، بناوانی ماڵ |
| بوغور | وشتره نێره، دو دوگه، (دو کۆهان) |
| بنداری | گه‌ڕان بۆ سه‌یرانی ژنان به پۆل |
| بوغه | گای بوغه، بۆ مانگا به که‌ڵه |
| برینگ | توراتو، مه‌قه‌ستی مه‌ر برینه‌وه، برینگه |
| باسکه | یاڵ، سه‌ریاڵ و کێو |
| باس قه‌نه | دار قلیانی درێژ |
| برکه | پنجی بێستان (برکه کاڵه‌ک) |
| به‌ر | میوه |
| باله | ده‌نگی کاریله، ئاسک، ده‌نگی به‌رخی ساوا |
| بێدار | نه‌خه‌وتو |
| بێداوی | له دوانه هاتو، بێبڕانه‌وه |
| بیره‌وه‌ران | خاوه‌ن بیران، زانایانی خاوه‌ن بیر |
| به له ز | خێرا، زو، به تالۆکه |

Dr.Saleh Ebrahimi

۷ - باوی کوردەواری

| | |
|---|---|
| بەرتەسک | کەم عەرز، نابەرین، مەحدود |
| بزۆز | بێ ئۆقرە، هەر لە گەراندابێ، ئارا و قارا، صیفەتی موبالەغەیە |
| بێفەڕ | بەدفەڕ، خراپ |
| بزر | گوم‌بون، لەبەر چاولاچون |
| بێهیوا | هیوابڕاو، بێهومێد |
| بەدیهاتن | پەیدابون |
| بەدیهێنەر | خوا، موجد - سازدەر |
| بەدیهاتو | پەیدابو |
| بێبڕانەوە | بێدوابڕان، بێ نیهایەت |
| بەژ | ویشک، ویشکی، ویشکانی |
| باو | داب و دەستور، مرسوم، شێوە، رمێن، رەونەق (تیروکەوان، لە باوکەوتوە) |
| باری ژیان | وەزعی ژین |
| بارهێنان | پەروەردە کردن، عاملاندن |
| بوز | گونجان، مەیسەربون، خونجان، بوزخواردن،گونجاندن |
| بە سەرهات | سەربوهوری |
| بەخشەر | دەهەندە، دلاوا، دڵلاوێن |

## بیجاڕ

بیجاڕ،جاری دارەبی، جاڕکێشان، بیجار: ناوە بۆ شارێکی پڕ گەنم و دخڵ و دانە وێڵەی کوردستان کە لە کێوی بانیدا **۲۵۹۵** ساڵ بەر لە مە خوشکی ئاشور بانی پاڵ لە کوردە مادێک مارە کراوە و کێوی بانی لای شاری بیجار لای کێفی شانیشین بە ناوی ئەوکیژە ئاسوری یە کە ناوی (بانی) بووە ناو نراوە.

کێوی پەنجە عەلیش لە رۆژ ئاوای بیجار دایە و ۲۴۰۷ میتر بەرزە، چرگەر ناوی ئەم کێفە ئەباو ئەڵی: